DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi9.324
گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی
Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ڕەوشی ئابووریی کوردستان لە تێڕوانینی ڕۆژهەڵاتناسانی ئیتاڵیا و فەڕەنسا لە سەدەی سیانزە هەتا ساڵی ١٨١٩

**م. عبدالخالد صابر کریم**
بەشی مێژوو – کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی
abdulkhalid.karim@umivsul.edu.iq

**پ. ی. د. ئاکۆ عبدالکریم محمود شوانی**
بەشی مێژوو – کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی
ako.shwani@umivsul.edu.iq

**پوختە:**
ئامانج لەم توێژینەوەیە بۆ ئاماژە پێدان و تێگەیشتنە لە بارەی ڕەوشی ئابووریی کوردستان و پەیوەندی ئەو ئابوورییەی بە نەتەوەکانی دراوسێی، هەروەها لە هەمان کاتدا تیشك خستنە سەر ڕۆڵ و کاریگەریی هەر سێ بەشەکەی ئابووریی (کشتوکاڵ، پیشەسازیی، بازرگانیی )ی کوردستان لە سەدەی سیانزەوە تاکو ساڵی ١٨١٩ کە ئەو کاتانە کوردستان بە بارودۆخێکی ئابووریی هەستیاردا ئەڕۆیشت، ئەوەش لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە سیاسییانەی ئەو کاتانە کە لە ناوچەکەدا لە ئارادا بوو وەك ململانێی سیاسیی و سەربازیی نێوان دوو دەوڵەتی سەفەویی و دواتر قاجاریی و دەوڵەتی عوسمانیی . ئاستەنگەکانی ئەم توێژینەوەیە، ئەوەیە کە سەرچاوە لە بارەی ڕەوشی ئابووریی کوردستان لە پێش نیوەی یەکەمیی سەدەی هەژدە بە گشتیی و لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە بەدواوە، بە پێی پێویست ئەوەی زیاتر لەو بارەیەوە باسی کردبێت تەنها نووسراوی ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپاییەکان ئەگرێتەوە، کە پێویستی بە کات بووە بۆ بەدەست خستنیان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نووسراوانە پێویستیی بە ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەش هەیە. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی پەیڕەو کراوە لە چوارچێوەی شێوازی پێکهاتەییدا بە مەبەستی ئەوەی لەم ڕێیەوە زانیارییە مێژووییە ئابوورییەکانی کوردستان بخرێنە ڕوو، هەروەها شێوازی شیکاریی و لێکدانەوەش پەیڕەو کراوە. توێژینەوەکە پێکهاتووە لە پێشەکیی و دەروازەو سێ تەوەر و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان. لە تەوەرەی یەکەم دا بە کورتی ئاماژە بە جوگرافیای کوردستان و پێگەکەی لە ناوچەکەدا دراوە، کە بە درێژایی سەردەمەکان بووبووە بە ناوچەیەکی گرنگ بە لای وڵاتانی ناوچەکە و زلهێزەکان، ئەمەش بە هۆی فراوانی خاکەکەیەوە بووە، بووبووە بە پردێك لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە کەوتبووە سەر ڕێگایەکی بازرگانیی گرنگ کە بە ڕێگای ئاوریشم ناسرابوو، جگە لەوانەش بە یەکێك لە ناوچە دەوڵەمەندەکان دائەنرێت لە ڕووی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی و باخدارییەوە. لە تەوەرەی دووەم دا، گرنگیی دراوە بە ڕەوشی ئابووریی کوردستان لە سەدەی سیانزەوە تاکو ساڵی ١٨١٩، کە کۆمەڵگەی کوردیی لە سێ چین پێکهاتبوو، کە بریتی بوون لە کۆچەریی و نیمچە کۆچەریی و نیشتەجێبووانی گوند و شارەکان، هەروەها گرنگیی دراوە بە ڕەوشی ئابووریی کوردستان لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە تاکو ساڵی ١٨١٩. سەرەڕای ئەوانەش گرنگیی دراوە بەو گیروگرفتە سرووشتیی و مرۆییانەی کە ڕووبەڕووی ئابووریی کوردستان بووە بەوە.

**کلیلە وشەکان: پێگەی جوگرافیای کوردستان، چینەکانی کۆمەڵگەی ئابووریی کورد، ڕەوشی ئابووریی کوردستان تاکو ساڵی ١٨١٩.**

Recieved: 22/7/2023
Accepted: 8/9/2023



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەكیی:

سرووشتی كوردستان و بەپیتیی خاكەكەی و هەبوونی سەرچاوەی ئاوی سەر زەویی و ژێر زەویی بە درێژایی سەردەمە یەك لە دوا یەكەكان، رۆڵی لەبەرچاوی لە بوارە جۆراوجۆرەكانی ئابووریییدا گێڕاوە. كوردە كۆچەریی و نیمچە كۆچەرییەكان بە كاری جووتیاریی و باخداریی ئاژەڵدارییەوە خەریك بوون، كە لەو رێگایانەوە داهاتی بژێویی ژیانیان بەدەست ختووە و، ئەوەیشی لێیان زیاد بووە هەناردەی بازاڕەكانیان كردووە. بە هۆی هەبوونی دارستانی چڕ و چەندین جۆری داری وەك سپی چنار، توانیویانە چەندین كەرەستەی پێویستی وەك ئامرازی كێڵان و پێداویستی ناوماڵیان لێ دروستكردووە، هەروەها بە هۆی هەبوونی لەوەڕگەو پاوانی زۆر لە كوێستانەكاندا، بەروبوومێكی زۆری شیرەمەنی بەرهەم هێنراوە. سەرەڕای ئەوانە، كوردستان یەكێكە لەو ناوچە دەوڵەمەندانەی رۆژهەڵات لە رووی كانزای ژێر زەویی وەك مس و قورقوشم و نەوت.. تاد. كە چەندین جۆری پیشەسازیی دروستكردنی ئامرازو كەرەستەی پێویستی رۆژانەی لێ دروست كراوەو هەروەها نەوتیشیان بۆ رووناك كردنەوە بەكارهێناوە. ئەوانەی لە شارەكانیشدا نێشتەجێ بوون لە رێی پیشەوەری و بازرگانیی یەوە داهاتی بژێویی خۆیان پەیدا كردووە.

ئەو بەرهەمە كشتوكاڵیی و ئاژەڵداری و پیشەسازییانە دوای پڕكردنەوەی پێداویستی ناوخۆ، رەوانەی بازاڕەكانیان كردووە كە چەندین شاری كوردستان بووە بە بازاڕی گەورەو بەو هۆیەوە جووڵەی بازرگانیی تیایاندا دروست بووەو لە هەمان كاتدا ئەو شارانە بووە بە مەڵبەندێكی بازرگانیی گەورە بۆ هەناردەكردنی بەرهەمەكان بۆ وڵاتانی ناوچەكەو هەندێك وڵاتی دووری ئاسیاو ئەوروپاش. سەرەڕای ئەو چالاكییە هەمەجۆرانەی ئابووریی، بەڵام گیروگرفتی سرووشتی وەك وشكەساڵیی و سەرماو سۆڵەو بڵاوبوونەوەی نەخۆشی رووەكی، كاریگەریی نەرێنییان لەسەر بەروبوومە كشتوكاڵیی و ئاژەڵدارییەكان دروست كردووە ئەمە لە لایەك، لە لایەكی ترەوە گیروگرفتی مرۆیی وەك جەنگی نێوان وڵاتی ناوچەكە و سەپاندنی باجی هەمەجۆر لە لایەن دەوڵەتەوە و لە پاڵیدا سەپاندنی باج و سەرانەی سەرۆك هۆزەكان، بوون بە هۆی زیان گەیاندن بە رەوشی ئابووریی كوردستان و، لە هەمان كاتدا بووە بە ئاستەنگێك لە بەرەوپێشچوونیدا. سەرەڕای ئەو گیروگرفتانە، نەتەوەی كورد لە رووی ئابوورییەوە توانیویەتی بژێویی ژیانی خۆی دەستەبەر بكات و، جگە لە فەراهەم كردنی بەرهەمە پێداویستییە ئابوورییەكانی ناوخۆ، هەناردەی هەندێك لە شارەكانی دەرەوەی كوردستان و هەندێك لە وڵاتانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بكات، هەروەك لە نووسراوی رۆژهەڵاتناسەكاندا بەرچاو ئەكەون.

### دەروازە:

بە شێوەیەكی گشتیی، كۆمەڵگەی كوردیی لە سەدەكانی ناوەڕاست و دواتر، كۆمەڵگەیەكی هۆزایەتی بووە، رەوشی ئابووریی لەو سەردەمانەدا تاكو نیوەی یەكەمیی سەدەی نۆزدە و تەنانەت دوای ئەو ماوەیەش، بە پلەی یەكەم متمانە كراوەتە سەر بەرهەمی كشتوكاڵیی و باخداریی و بەخێوكردنی ئاژەڵیی ماڵیی، بەم جۆرە بەرهەمە كشتوكاڵیی و ئاژەڵە ماڵییەكان، سەرچاوەی بنچینەی ئابووریی زۆرینەی كۆمەڵگەی كوردیی بوون، كە كوردە كۆچەر و نیمچە كۆچەرییەكان ئەگرێتەوە (كنان، بی تا: ١٥).

ناوچەكانی لوڕستان هەروەك ناوچەكانی تری كوردستان، زیاتر بە كاری كشتوكاڵیی و بەخێوكرنی ئاژەڵی ماڵییەوە خەریك بوون، بە هۆی ئەو جۆگەلە بچووكە زۆرانەی هەبوون، زەوییە كشتوكاڵییەكانیان پێ ئاو ئەدا، لەگەڵ

هەبوونی مەڕ و ماڵاتێکی زۆر کە بەرهەمی شیرەمەنیی هەمەجۆری لێ بەرهەم ئەهات (لایارد، ٢٠٢٠: ١٤٥-١٤٦)، بەڵام کشتوکاڵکردن لە سەروبەندی دەوڵەتی عوسمانیی دا، بڕبڕەی پشتی ئابووریی کوردستانی پێك ئەهێنا و، لە زۆرینەی ناوچەکاندا ڕێژەی هەرە زۆری ناوچەکان بژێویی ژیانیان لەو ڕێگەیەوە بەدەست ئەخست (سامی، ١٣٠: ٢٦٥٣). هەروەها لە سەروبەندی حوکمڕانی دەوڵەتی سەفەویی دا بە تایبەتی لە نیوەی یەکەمیی سەدەی حەڤدەدا، جوتیارە کوردەکان ساڵی دوو جار گەنمیان چاندووە (شرلی، ١٣٦٢: ٦٥). ئەمەش ئەوە دەرئەخات کە کورد زیاتر ئاشنا بووە بە کشتوکاڵکردن.

دەست ڕەنگینی پیشەورانی کورد بە شێوەیەکی لەبەرچاو لەسەر جۆر و پتەویی لە بەرهەمی هەندێك شتومەکدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەو دەست ڕەنگینییە لە نووسینی هەندێك نووسراوی گەڕیدەکاندا بەرچاو ئەکەون بۆ نموونە گەشتیاری بە ڕەگەز تورك لە گەشتەکەی بە ناوچە کوردییەکانی باکووری کوردستان، باس لەو شمشێرو دەمانچە و تەور و خنجەر و تیرانە ئەکات کە لە دیاربەکر درووست کراون و وێنەیان نییە لە جیهاندا، هەروەها پیشەوەرە زیوچییەکانی ئەو شارە لە درووستکردنی دەفردا بێ وێنەن، ئەو دەست ڕەنگینییە لە پیشەسازیی زەڕەنگەریی و بەردە بەنرخەکانیشدا ڕەنگیان داوەتەوە (چەلەبی، ١٩٧٨: ٤٩).

ناردنی کانزای مس لە کوردستانەوە بۆ ناوچەکانی دەوروبەری، ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی حەفتاکانی سەدەی هەژدە کە لەو کاتانەدا بە جۆرێك لە بازرگانیی نوێ دانراوە، هەروەك هەناردەکردنی شت و مەك و کاڵای کوردستان بۆ ناوچەکانی ئێران لەوانە گەیلان و هەروەها لە هەمان کاتدا بۆ رووسیاش هەنارده کراوە (رابینۆ، ١٣٦٦: ٦٨).

ئەو جووڵە بازرگانیی یەی لەناو موسڵدا هەبوو، بۆ ئەو پەیوەندییە بازرگانییەی شارەکەوە بوو، بە میرنشینە کوردییەکانی دراوسێی، کە لە ناوچەکانی میرنشینی بادینان و بابان بە بەردەوامی بڕێکی زۆر لە خوری و ئاوریشم و گەنم و جۆ و دار و تەختە و ڕایەخ و حەسیر و توێکڵی هەنارو کەتیرە و تووتن و مێوژ و میوە و پێستەو مەڕ و بزن و... تاد هەناردە ئەکرا (بادجر، ١٩٧٤: ٩- ١٠). ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوك، کە ساڵانە بەرهەمێکی زۆریان دەست ئەکەوت، لەو بەرهەمانە لە لایەن فەرمانڕەوای شارەکەوە، باجیان لێ وەرئەگیرا. (بکنغهام، ١٩٦٨: ١٠٦).

## تەوەری یەکەم: پێگەی جوگرافیای کوردستان:

بۆ دیاریکردنی خاکی کوردان، ئەبێت لە سەرەتادا، نووسینی جوگرافییناسان و گەڕیدەکانی نەتەوەکانی دراوسێی کورد وەربگیرێت لەبەرئەوەی تا رادەیەکی لەبەرچاو ئەمانە لە پێش ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپاییەکاندا زانیاری هەمەجۆریان لە بارەی ناوچە جوگرافییەکانی کوردستانیان لە لای خۆیان تۆمار کردووە، هەندێك لەوانە ئاماژەشیان بە ئابووریی کوردستان داوە، بەڵگەش بۆ ئەوە، هەردوو ڕۆژهەڵاتناس (جان سۆفاجیە، کلۆد کاین)، ئاماژیان داوە بە ڕۆڵی پێشەنگ و گرنگیدانیان بە بواری جوگرافیای ڕۆژهەڵات بە گشتیی و ڕۆژهەڵاتی نزیك بە تایبەتی لە لایەن جوگرافیاناسەکانی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك، هەروەك لەو بارەیەوە ئەڵێن: تاکو سەردەمی دۆزینەوەکان، زانستی جوگرافیا بە گشتیی لە لایەن موسڵمانەکانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، سەرەڕای ئەوەی هەموو ئەو نووسراوانەی تاکو سەدەی دەیەمی زایینیی کە هەن و گرنگییەکی بێ وێنەیان هەیە لە لای زانایانی ڕۆژئاوا، بۆ کاری جوگرافیاناسە موسڵمانەکان ئەگەڕێنەوە هەروەك ئیبن ڕەستە لە کتێبەکەیدا باسی

کـردووە (ابـن رسـتة، ١٩٨٨: ٢٨).

ئـەو جوگرافیناسـانەی ناوچەکـە بـە مەبەسـتی زانیـاری دەسـت کەوتـن، سـەردانی ناوچـە و شـار و گوندیـان کـردووە، یەکێـك لەوانـە نـاسر خـەسرەوە، لـە کاتـی گەشـتەکەیدا باسـی چەندیـن شـار و ناوچـەی ناوچەکـە ئـەکات بـە هەندێـك ناوچـەی کوردییشـەوە، هەروەهـا باسـی سرووشـت و کاروبـاری ئابووریـی و دارایـی و بارودۆخـی کۆمەلایەتییشـی کـردووە (بـادی، ٢٠١٠: ٢٦ – ٥٣). لەگـەڵ ئەوانـەدا و بـۆ یەکـەم جـار، گەڕیـدەی فارسـی نـەژاد حەمدوڵـڵا مسـتەوفی قەزوینـی، لـە کتێبەکەیـدا بـە نـاوی (نزهـت القلـوب)، وشـەی کوردسـتانی وەك زاراوەیەکـی جوگرافیـای بەکارهێنـاوە، کـە بـۆ سـەدەی چـواردەی زایینـی ئەگەڕێتـەوە، هەروەهـا ئامـاژەی بـە شـانزە هەرێمـی کوردسـتان کـردووە، کـە بەرهەمـی دانەوێڵـە و کشـتوکاڵیی لـە هەندێـك هەرێمـی وەك ئەلانـی و دینـەوەر بـە بڕێکـی زۆر بەرهـەم ئەهێنرێـت (القزوینـي، ١٣٣٦: ١٠٧-١٠٨، ١٢٧).

ڕۆژهەڵاتناسـێك کـە لـە سـەدەی نـۆزدەدا گەشـتێکی بـە چەنـد ناوچەیەکـی کوردسـتان کـردووە، پێـی وا بـووە سـنووری کوردســتان لــە لای باشــوور و باشــووری ڕۆژئــاوا، بەرزاییەکانــی حەمریــن و رووبــاری دیجلەیــە، ئــەم بەرزاییانــە سـنووری ڕۆژئـاوای کوردسـتانی گـەورە و سـنووری باشـوور و باشـووری ڕۆژئـاوای کوردسـتانی باشـوور پێـك ئەهێنێـت (Melingen, ١٨٧٠: ١٤٨).

بـە گشـتیی ڕۆژهەڵاتناسـە ئەوروپاییـەکان لەوانـە زیمینیـز، لێـرخ، نیکیتیـن.. تـاد. کـە دێنـە سـەر باسـی جوگرافیـای کوردسـتان، هەریەکەیـان بـە پێـی ئـەوەی لـە کاتـی گەشـتەکەیدا چووبێتـە هـەر شـارێك یـان گوندێـك یـان ناوچـە چیایـی و دەشـتاییەکان، لـە نووسـینەکەیدا تۆمـاری کـردووە، جێـی ئاماژەپێدانـە، نووسـینەکانی ئەوانـە هاوشـێوە نیـن، بـەڵام بـە گشـتیی و تـا رادەیـەك زۆر لـە دیاریکردنـی ناوچەکانـی کوردسـتان یـەك ئەگرنـەوە، هەروەهـا لـە بـارەی دیاریکردنـی سـنووری کوردسـتان کـە تاکـو سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـت، کارێکـی ئاسـان نەبـووە، ئـەوەش بـە هـۆی نەبوونـی نەخشـەی درووسـت یـان سـەرچاوە کـە زانیـاری وردو پوختـی تێدا بێـت. لـە بـارەی ناوچـە کوردییەکانـی نێـو دوو دەوڵەتـی عوسـمانیی و قاجاریـی، لـە ئەرمینیـاوە بـەرەو باشـوور تاکـو دەریـای ڕەش درێژئەبێتـەوە و لـە نزیـك باتـۆم تاکـو کەنـداوی فـارس – عەرەبـی- ئـەڕوات و بـە سـلێمانیدا تێپـەڕ ئەبێـت، لەسـەر هـەردوو لای هێڵەکـە کـورد هـەن و، لـە بەشـی ڕۆژئـاوای عێـراق کـورد بڵاوبـووە بـەوە تاکـو ئەگەنـە سـنووری سـووریا، هەروەهـا لـە بەشـەکانی باکـووری ڕۆژئـاوای ئێرانیـش بـە تەواویـی کوردیـی لێیـە (Ximenez, ١٨٩٥, ٣-٦).

بۆچوونێکـی تـر لـەلای خۆیـەوە، نیشـتمانی کـوردەکان بـەم شـێوەیە ئاماژەی پـێ ئـەکات: «لـە باکـوورەوە، زەوییەکانیان لـە بەشـی سـەرەوەی رووبـای فـورات تاکـو رووبـاری ئاراکـس – ئـاراس- دەسـت پـێ ئـەکات، هەروەهـا لـە وڵاتـی رووسـیا، لـە هەرێمەکانـی یەریڤـان و قەرەبـاخ دا هـەن، لـە ڕۆژئاواشـەوە، سنوورەکەیان تاکـو ناوچـەی ئەنگـورا درێـژ ئەبێتـەوە، بەشـێکی کەمییـان لـە مسـیۆپۆتامیا و سـووریادا نیشـتەجێن، لـە ڕۆژهەڵاتیشـەوە لـە گۆمـی ورمـێ تاکـو کەنـداوی فارسـی درێـژ ئەبێتـەوە، هەروەهـا بەشـێکی کـوردەکان لـە خۆراسـانی ڕۆژهەڵاتـی ئێرانـدا ئەژیـن. (لیـرخ، ١٩٩٤، ١٤-١٥)، بـەڵام نیکیتیـن بـە شـێوەیەکی تـر سـنووری کوردسـتان دیـاری ئـەکات، لـە باشـوورەوە بـۆ باکـوور، لـە شـارۆچکەی مەندەلـی کـە لـە ڕۆژهەڵاتـی شـاری بەغدایـە دەسـت پـێ ئـەکات بـەو هێڵـەی ئێـران لـە عێـراق جیائەکاتـەوە تاکـو چیـای ئـارارات، لـە باکووریشـەوە تاکـو پشـتی قەفقـاز درێژئەبێتـەوە کـە لـە بانـی ئەرمینیـا و کوردسـتانی باکـوور و چیاکانـی ئێـران بڵاوبـووە بـەوە (نیکیتیـن، ١٩٩٨: ١٥٠).

بـۆ دیاریکردنـی سـنووری درووسـتی پارچەکانـی کوردسـتان لەنـاو ئـەو وڵاتانـەی کـە تیایدایـە، ترۆتـەر لـە راپۆرتێکیـدا

لەو بارەیەوە ئەوەی دەربڕیوە، ئەتوانرێت سنووری کوردستان بە پێی پارچەکانیی دیاری بکرێت، کوردستانی تورکیا کە کەوتووەتە رۆژهەڵاتی تورکیا، ناوچە کوردییەکان لە باکوورەوە لە هێڵی دیفریقییەوە بۆ ئەرزڕۆم و ئینجا بۆ فارس – ئێران درێژ ئەبێتەوە، هەروەها کورد لە دامێنی چیای ئاراراتدا نیشتەجێن، لە رۆژئاواشەوە بە شێوەی کەوانەییەکی پانیی درێژبوو تاکو سەرچاوەی رووباری فورات بڵاوبووە بەوە (Trotter, ١٨٨٠:١-٢).

لەگەڵ ئەوانەشدا، پشت بەست بە سەرچاوەکان، کوردستان بە گشتیی لەم سێ ناوچەیە پێکهاتووە، چیا بەرزەکانی ئەرمینیا، کوردستانی تورکیا، چیاکانی رۆژئاوای ئێران، بەم شێوەیە کوردەکان لە هەموو زنجیرە چیاکانی ئەرمینیادا نیشتەجێن، سنووری باکووریان لە نزیکی ناوچەی ئەرزەڕوم کۆتایی دێت و لە باشووریشدا لە چیاکانەوە تاکو پێدەشتەکانی وڵاتی نێوان دوو رووبارەکە –مسیۆپۆتامیا- درێژئەبێتەوە، لەلای رۆژئاواشەوە، سنووریان تاکو رووباری فورات درێژئەبێتەوە، سەرەڕای ئەو ناوچانە، کوردەکان تاکو قوڵایی ئاسایی بچوك، هەر لە سیواس-ەوە تاکو نزیك شاری کۆنیا لە ناوچەی کیلیکیا نیشتەجێن، واتە ناوچەکەیان ئەگاتە دەریای ناوەڕاست. (مینۆرسکی، ١٩٨٤: ٣٢- ٣٣).

بە زیاتر قووڵ بوونەوە لە کوردستان، ئەم خاکە بەشی زۆری ناوچەی چیاکانی نێوان دەریای رەش و باکووری میسیۆپۆتامیا ئەگرێتەوە، لە لایەکی ترەوە، زنجیرە چیاکانی تۆرۆس و بەرزاییەکانی رۆژئاوای ئێران ئەگرێتەوە، کە بە گشتیی وێنەی مانگ لە شێوەی داسدا دەرئەخات، ئەم خاکە دەوڵەمەندە بە چەندین کانزای وەك ئاڵتوون و زیو و نەوت (تۆمابوا، ١٩٨٠: ١٣، ٢٣). بە پێی بۆچوونێکی تر، پێداگری لەسەر شێوەی کوردستان ئەکات کە کەوانەییە و بە گرنگترین ناوچەی ستراتیژیی جیهان و بە دەوڵەمەندترین ناوچەشی دائەنێت (sim, ١٩٨٠; ١).

بە پێی ئەو بۆچوونانە، ئەوە دەرئەکەوێت، نیشتمانی کوردەکان لە باکوورەوە لە رووباری فوراتەوە درێژ ئەبێتەوە بۆ رۆژهەڵاتی شاری حەلەب و دواتر بۆ شنگال و پێدەشتەکانی موسڵ و رۆژئاوای کەرکوك و بەرزاییەکانی حەمرین تاکو مەندەلیی کە سنووری رۆژئاوا ئەگرێتەوە، لە باشووریشەوە لە کەنداوی فارسیەوە درێژئەبێتەوە بە رۆژهەڵاتی لوڕستاندا تاکو ئەگاتە گۆمی ورمێ و لەوێشەوە بۆ نزیکی دەریای رەش کە ئەوەش بەشی رۆژهەڵاتی سنووری کوردستان دیاری ئەکات و، شێوەیەکی کەوانەیی وەرئەگرێت، کە لە رووی ئابوورییەوە بە ناوچەیەکی دەوڵەمەند دائەنرێت.

## تەوەرەی دووەم: رەوشی ئابووریی کوردستان لە تێڕوانینی رۆژهەڵاتناسانی ئیتاڵیا و فەڕەنسا لە سەدەی سیانزەوە تاکو ساڵی ١٧٥٠:

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە کۆمەڵگەی کوردیی تاکو سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە لە چەند چینێك پێکهاتووە، لە پێشدا پێویستە ئاماژە بە نووسراوی مێژوونووسان و گەڕیدەی وڵاتانی ناوچەکە بە شێوەیەکی کورت بخرێتەڕوو. کۆمەڵگە بە گشتیی لە چینی کۆچەریی و نیمچە کۆچەریی و گوندنشین و شارنشین پێکهاتووە.

لەناو کۆمەڵگەی کوردییدا ئەو چینانە بەدی ئەکرێن، کۆچەرییەکان ئەوانەن کە بەردەوام لە هاتووچۆدان و ئەگەڕێن بۆ شوێنێك کە لەوەرگەی لێ بێت لەبەر ئەوەی ئەمانە بژێویی ژیانیان لەسەر ئاژەڵدارییە، کە هەندێك لە مێژوونووسان، کۆمەڵگەی کوردیی بە کۆچەریی ئەژمار ئەکەن لەوانە ئیبن خەلدون (ابن خلدون،

١٩٨١: ٩٦-٩٧)، بەڵام ئەو بۆچوونە دوورە لە راستییەوە، چونکە بەشێکی کورد کۆچەریی بووە، بەڵام لەناو کورددا نیمچە کۆچەریی هەبووە، ئەمانە بە زستانان خەریکی کاری کشتوکاڵکردن بوون و لە گوندەکاندا دائەنیشتن، بەڵام لە سەرەتای هاویندا بەرەو ناوچە چیاییەکان ڕریان گرتۆتە بەر بە مەبەستی لەوەڕاندنی مێگەلەکانیان کە لەو ناوچانەدا لەوەڕگەی زۆری تێدایە، بۆ نموونە وەك هۆزەکانی باسیان و حەکیمی (السمعانی، ١٩٨٨: ٥٤). نیمچە کۆچەرییەکان ژیانێکی شێوە مام ناوەندییان لە نێوان کۆچەریی و نیشتەجێبووندا هەڵبژاردووە، کە بە شێوەیەکی کاتیی نیشتەجێبوون، ماوەی مانەوەیان لە نێوان وەرزی تۆوکردن و وەرزی دروێنەدا بووە، بەڵام بە دەر لەو وەرزانە خەریکی شوانکارەیی بوون (دانتسیغ، ١٩٨١: ١٧٥). لە هەندێك ناوچەی باکووری کوردستان، کوردە کۆرچەرییەکان کە هەموو سامانەکەیان مەڕ و ماڵات بووە، شوێنێکی جێگریان نەبووە، بەڵکو زۆر جار ناوچەکانیان گۆڕیوە بە مەبەستی گەڕان بە دوای لەوەڕگەی باشتردا (ئۆتەر، ٢٠١٣: ٤١).

چینی سێیەم کە کوردە نیشتەجێکانی گوندو شارەکان ئەگرێتەوە، ئەوانەی لە گوندەکاندان زیاتر خەریکی کاری کشتوکاڵکردنو ئاژەڵداریی و باخدارییین، لە بەرهەمە باخدارییەکانیان کە کوردستان لە بەروبوومی هەمەجۆری میوەدا دەوڵەمەندە، وشککردنەوەی میوەکانە، کە لەبەر تیشکی خۆر میوەکانیان وشك کردووەتەوە و بەشێك لە داهاتی خۆیانیان پێ پەیدا کردووە (بلۆ، ٢٠٠٤: ١٧؛ ریچ، ٢٠٠٢: ٢٧٨).

بە هۆی بە پیتی خاکی کوردستان، ساڵانە بڕێکی زۆر لە بەرهەمی کشتوکاڵیی و ئاژەڵداریی بەدەست ئەخرا، ئەم جووڵە ئابوورییە لە نووسراوی رۆژهەڵاتناسە ئەوروپاییەکاندا هاتووە، کە بەشی گرنگی پێداویستی ئابووریی لە پۆشاك و کەل و پەلی هەمەجۆر و بەرووبوومی کشتوکاڵیی، لە بازاڕ و ناوەندە گرنگەکانی رۆژهەڵات بۆ رۆژئاوا دابین ئەکرا لەبەرئەوە بازرگان و خاوەن سەرمایەکانی رۆژئاوا بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی دەرفەتێکی لەباری سیاسیی بەهێزیان ئەکرد تاکو لە ڕێگای دەسەڵاتەکەیاندا و بە هۆی هاتنە ئارای ئاسایشی رێگاوبانەکان، بتوانن هیواو پلانەکانیان لەم بوارەدا جێبەجێ بکەن و، ئەو شت و مەکانەی کە لە بازاڕەکانی رۆژهەڵاتدا ئەیان کڕی بۆ ناوەندەکانی ئابووریی خۆیان لە وڵاتەکانیاندا بگوازنەوە، ئەوە بوو لە سەدەی شانزە بەدواوە، بازرگانان و خاوەن سەرمایەکانی رۆژئاوا بە پێی پلانی دەسەڵاتدارە دەوڵەمەندەکانیان بە خێرایی کەوتنە خۆیان تاکو لە ماوەیەکی کەمدا بە هۆی ئاڵوگۆڕی بەرهەمە دەستکردەکان و ئامێرە پیشەسازییەکان لە لایەك و، دابینکردنی کەرەستەی سەرەکیی و کاڵای بنەڕەتی، روو لە ناوەندەکانی بازاڕەکانی رۆژهەڵات بە گشتیی و پێرسیا – ئێران- بە تایبەتی بکەن (لوگوف، ١٣٧٦: ١٥٩؛ مورگان، ١٣٧٣: ١٣٨)، بێگومان لەو نێوەندەدا ناوچە کوردییەکانی ئێرانیشی ئەگرتەوە.

سەرەتای گواستنەوەی شت و مەك و بەروبوومە کشتوکاڵییەکان، لە رێگای وشکانییەوە لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا ئەکرا کە پێیان ئەوت رێگای ئاوریشم، بە پێی سەرچاوە مێژوویی و رۆژهەڵاتناسییەکان، وڵاتی پێرسیا – ئێران ببووە شوێنێکی گرنگ بۆ پەڕینەوەی کاروانە بازرگانیی یەکانی نێوان ئەوروپاو ئاسیا، ئەو کاروانە بازرگانیی یانە بە ناو شارەکانی ئێرانی وەك تەبریزو هەمەدان و نیساپورو لەوێشەوە بۆ سەمەرقەندو دواتر بۆ هیندستان و چین تێ ئەپەڕین کە پێیان ئەوت رێگای ئاوریشم، ئەم رێگایە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر مارکۆپۆلۆی گەڕیدەی ئیتالی بەجێ هێشتبوو (هوبسون، ٢٠٠٧: ٥٦)، بێگومان ئەو رێگایە بەشێکی کوردستانی ئێرانی ئەگرتەوە.

بە هۆی ئەوەی کوردستان خاکێکی بەپیتی هەیە و رووبەری دەشتایی فراوانی تیایە لەبەرئەوە کشتوکاڵ

پانتاییەکی گەورەی لە ئابووریی کوردستان درووست کردووە، بە شێوەیەکی گشتیی جۆرەکانی کشتوکاڵ، دێمی و بەراو و بەروبوومی درەختە بەردارەکان سروشتیی یان ئەوەی مرۆڤ رواندوویەتی ئەگرێتەوە، سەرەڕای ئەوانە بەرهەمە ئاژەڵییەکانیش کە پەیوەندییان بە کشتوکاڵەوە هەیە ئەگرێتەوە. بەرووبوومە کشتوکاڵییەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە بە درێژایی سەردەمەکان کاریگەریی یەکی زۆریان لەسەر داهاتی گوزەرانی دانیشتوانی کوردستان هەبووە، نەك تەنها بەرهەمی کشتوکاڵیی بووە بە جێی سەرنجی ڕۆژهەڵاتناسەکان، بەڵکو هەندێك ناوچەی کوردستان لە ڕووی هەبوونی درەختی زۆرەوە تیایدا بە ئەوروپا لێك چوێندراوە (لوغوز، ٢٠١٥: ١٣٩). تەنانەت بە هۆی هەبوونی چەندین جۆری درەختی وەك رەزی ترێ لە کوردستاندا بە بەراورد لەگەڵ هەندێك ناوچەی دەشتایی دەرەوەی کوردستان وەك بەغدا کە تەنها دارخورمای تیادا بینراوە (لوغوز، ٢٠١٥: ١٣٩).

یەکێك لە دێرینترین ڕۆژهەڵاتناسەکان کە سەردانی کورستانی کردووە، ڕۆژهەڵاتناسی بە رەگەز ئیتاڵی مارکۆپۆڵۆیە، ناوبراو بەر لە نیوەی دووەمی سەدەی سیانزە ئەچێتە ئاسیای بچوك، هەرچەندە بە کورتی باسی ئابووریی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات ئەکات، بەڵام زانیارییەکانی بایەخ و گرنگیی خۆیان هەیە لەبەرئەوەی توانیوێتی ئەوەی بە چاوی خۆی بینیوێتی لەهەر بوارێکدا بووبێت و بە تایبەتی لە نێویاندا ئابووریی، تۆماری کردووە، بێگومان ئەو زانیارییانەی کە لە بارەی رەوشی ئابووریی چەند شارێکی کوردستانەوە تۆماری کردووە، بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە، چونکە رەوشی ئابووریی ئەو شوێنانە دەرئەخات کە لە پێش مارکۆپۆلۆ بەو شێوەیە باس نەکراوە، ئەو لە بارەی بەرهەمی شاری موش- کە بە موس Mus ناوی هێناوە و شاری ماردین، ئەوەی دەرخستووە، کە برێکی زۆری لۆکەیان لێ بەرهەم ئەهێنرێت و هەروەها قوماشی بۆکاسینی لێ درووست ئەکرێت (مارکۆپۆلۆ، ١٩٧٧: ٣٧).

هەروەك لە سەرچاوەکاندا هاتووە، لە ناوچەی لوڕستان بایەخ بە بەخێوکردنی ئاژەڵی ماڵیی بە درێژایی سەردەمەکان دراوە و بە تایبەتی بەخێوکردنی ئەسپ، هەروەك مارکۆپۆلۆ ئاماژەی بە بەخێوکردنی ئاژەڵ و بە تایبەتی ئاژەڵی ئەسپ لە لوڕستان داوە (مارکۆپۆلۆ، ١٩٧٧: ٤٥).

بەروبوومی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری ناوچە کوردییەکان، کە بازاڕەکانی زۆر لە شارە کوردییەکانی پڕ کردبووەوە، سێر سێزەر لامبێر کە لە کۆتاییەکانی سەدەی شانزەیەم لە بەغدادەوە بەرەو ناوچەی کرماشان چووە، وتوویەتی: «خەڵکی ناوچەکە –مەبەستی لە کوردەکانە. ت- ئەو کەرەیەی بە رێگەی خۆیان کە درووستیان ئەکرد بۆیان هێنایەن و تێبینی ئەوەمان ئەکرد، ئەوانە مەڕ وماڵاتێکی زۆریان هەیە لەگەڵ برنج و خورماو هەروەها نۆکیش، بە گۆڕینەوەی مەڕ لەگەڵیاندا هەندێك کەرەستەمان دەستکەوت، بە هۆی ئەو رێگەیەوە توانیمان نان و کەرێ و میوە و سەوزە بەدەست بخەین» (Lambert, ١٦٥١: ١٢٠).

ئەو بایەخدانانەی کوردە کۆچەریی و تەنانەت نیشتەجێی گوندەکان بە ئاژەڵداری، بەدەستهێنانی برێکی زۆر لەو بەرهەمانە بە پێی وەرزەکانی ساڵ، بووە بە هۆی گرنگیی پێدان لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، ئەوەتا ڤێبر- لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدە چووەتە کوردستان، لە ڕووی ئاژەڵدارییەوە باسی لەوە کردووە، کە کورد بە گشتیی ئاژەڵ بەخێو ئەکەن و لە پاڵیشدا کشتوکاڵ ئەکەن، ئەوانەی بە تایبەتی مەڕ و بزن بەخێو ئەکەن ئاژەڵداری ئەکەن، ناوچە کوردییەکان بە دەوڵەمەندترین ناوچە دائەنرێن لەناو دەوڵەتی عوسمانیی دا (ڤێبر، ٢٠٠٩: ٨٥). لەگەڵ ئەو دەوڵەمەندییەی ناوچە کوردییەکان لە بەرهەمی ئاژەڵداری و جووتیاری، بەڵام لە ناوچەی ئێزیدییەکاندا بەشێکی زۆر کەم بۆ خۆیان ئەمێنێتەوەو بەشی ئەوە ناکات لێی بفرۆشن ئەوەش بە

هـۆی ئـەو ستەمەی دەوڵەتـی عوسـمانیی لێیـان ئەکـەن کـە بەشـی زۆری بەرهەمەکانیـان لـێ ئەسـێنن (فێبر، ٢٠٠٩: ٨٨).

شـارو گوندەکانـی نزیـك بـە ناوچـە چیاییـەکان، بـە هـۆی هەبوونـی کانیاوێکـی زۆر، کشـتوکاڵیی بـەراو لـە لایـەك و باخدارییـی لـە لایەکـی تـرەوە بـووە بـە داهاتێکـی گونجـاو بـۆ دانیشـتوانەکەی، یەکێـك لـەو شـارانە نسـێبینە، بـە هـۆی هەڵکەوتەکـەی لـە دامێنـی چیایـەك، ئـەو سـەرچاوە ئاوانـەی لـە چیاکـەدان دەڕژێنـە نـاو شـارەکەو ئەبنـە سـێ رووبـاری بچـووك، کـە بـۆ ئاودانـی ئـەو زەوییانـە بـەکار ئەهێنرێـت کـە کشـتوکاڵیی لۆکـەو برنـج و جـۆری تریـان تیـا چێنـدراوە، هـەروەك تیڤینـو لـە گەشـتەکەیدا لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی حەڤـدەدا چووەتـە چەنـد ناوچەیەکـی کوردسـتان و لـە ئابووریـی هەندێـك شـوێنی وەك ئـەم شـارە دواوە (تیفینـو، ٢٠١٣: ٥٥).

لـە درێـژەی ئـەو گەڕانانـەداو لـە سـەرەتاکانی سـەدەی حەڤـدەدا، فرانسـیکۆ جیمیلـی کاریـری کـە دێتـە کوردسـتان، زیاتـر تێبینـی لەسـەر کـوردە کۆچەرییـەکان داوە، کـە بـە درێژایـی سـاڵ بـە دوای باشـترین لەوەڕگـەدا ئەگەڕێـن و هـەر خەریکـی ئاژەڵداریـن لەبەرئـەوەی زەوییـان نییـە تاکـو کشـتوکاڵیی تیـادا بکـەن (Careri, ١٧١٩: ٣١٣).

کۆچەریـی کـورد مۆرکێکـی تایبەتـی هەبـووە، کـە پەیوەسـت بـووە بـە سرووشـتی جوگرافیـای کوردسـتان بـۆ لەوەڕاندنـی ئاژەڵەکانیـان پێویسـتیان بـە راگوازتنـی وەرزیـی بـووە، کـە ساڵانە ئەنجامـی بـدەن. زۆربـەی زۆری پیشـەی کۆچەرییـەکان دەسـتی بـووەو بـە پلـەی یەکـەم پشـتیان بـە سـامانی بەرهەمـی ئاژەڵـی بەسـتووە، بـە هـۆی بوونـی ناوچـەی چیایـی زۆر لـە کوردسـتان بـووە بـە ناوچەیەکـی دەوڵەمەنـد لـە رووی لەوەڕگـەوە، کـە بـووە بـە هـۆی دەسـتکەوتنی بڕێکـی زۆری شـیرەمەنی، ئـەم بەرووبوومـە لـەلای کۆچەرییـەکان لـە پێشـەوەی پیشـەکانیانەوە دایـان ئەنـا، بەشـێك لـە بەرهەمەکانیـان بـە شـتوومەکی تـر گۆڕیوەتـەوە و بـە هەمـان شـێوە گوندنشـینە کوردەکانیـش بەرهەمـی شـیرەمەنی و خۆراکـی تریـان بـەو رێبوارانـە ئەفرۆشـت کـە ڕێیـان ئەکەوتـە گونـدەکان (دیلاوالا، ١٣٧٠: ١٢).

بۆچوونێکـی تـر پێـی وابـووە کۆمەڵگـەی کوردیـی کۆمەڵگەیەکـە هۆزایەتیـی بەسـەریدا زاڵ بـووە، بـەڵام لـە سـەدەی نـۆزدەدا بـۆ شـێوازی شارنشـینیی و گوندنشـینیی هەنـگاوی نـاوە، هـەروەك ریچـارد نیلسـۆن فـرای باسـی لێـوە کـردووە (فـرای، ١٣٨٦: ٢٢). لـە زۆربـەی گوندەکانـی کوردسـتان خـاوەن موڵکـە کـوردەکان، لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـت و دواتریشـدا، جیـاوازن لـەو خـاوەن موڵکانـەی کـە لـە ئەوروپـادا پێیـان ئەوتـرا (بـارون)، ئـەو وەرزێرانـەی لـەلای خـاوەن موڵکـە کـوردەکان کاریـان لـە کێڵگـە کشـتوکاڵییەکاندا ئەکـرد، بەرهەمـی کارەکانیـان بـۆ خـاوەن موڵکەکـە بـووە بەرامبـەر بـە بڕێکـی کـەم لـە بەرهەمەکـە، ئـەو جـۆرە جیاوازییـە لـە گونـدی گـردی حاجـی کوردیـی لـە لایـەن دیلاڤالیـی رۆژهەڵاتناسـەوە بـەدی کـراوە، کـە خەڵکـی گوندەکـە لـە رێـی هـەڵ هێنجانـی ئـاوەوە بـە وڵاخـی بـەرزە، زەوییـە کشـتوکاڵییە بەرفراوانەکانیـان ئـاو ئـەدەن. (دیللاڤالیـە، ٢٠٠٦: ٦١).

لەبـەر هەبوونـی چەندیـن کانـزای گرنگـی وەك قوڕقوشـم و ئاسـن، کـە لـە رێـی ئـەو کانزایانـەوە گەلێـك شـت و مەکـی جۆراوجـۆری لـێ دروسـتکراوە، سـەرەڕای ئەوانـە، چەندیـن پیشەسـازیی تـر لـە کوردسـتاندا بەگەڕخـراوە بـە مەبەسـتی دروسـتکردنی کەرەسـتەی ژیانـی رۆژانـە و ئامێـری جووتیاریـی و چنیـن... تـاد. (تافرنییـە، ١٩٤٤: ١١٧؛ نیبـور، ١٩٦٥: ٧٦). لـە بـارەی شـاری سـێرت و دەوروبـەری، بـەم شـێوەیە ئامـاژەی پـێ ئـەکات: «لـە دەوروبـەری شـاری سـێرت، چەندیـن گونـد بەرچـاو ئەکـەون، دانیشـتوانەکەیان خەریکـی کشـتوکاڵ و دانەوێڵـەو میـوە و بەخێوکردنـی مـەڕ و مـاڵات و رەشـە وڵاخـن، سـەرباری ئەوانـە قومـاش بەرهـەم ئەهێنـن و لـە مـووی بـزن، جـل و بەرگـی پتـەو درووسـت ئەکـەن». (محەمـەد، ٢٠١٤: ٢٠٣).

جگـە لـەو پیشەسـازییانەی وەك رسـتن و چنیـن کـە لـە هەندێـك گونـددا ئەکـران، بـەڵام بـواری پیشەسـازیی زیاتـر لـە لایـەن دانیشـتوانی شـارەکانەوە ئەکـران، لەبەرئـەوەی کوردسـتان کەرەسـتەی زۆرو هەمەجـۆری بـۆ پیشەسـازیی هەبـووە، پێویسـتی نەکـردووە لـە شـوێنانی تـرەوە کەرەسـتە بهێندرێـت، چالاکـی پیشـەوەریی لـە ئاسـتێکدا بـووە کـە توانـراوە زۆربـەی بەرهەمـی پیشەسـازیی پێویسـت بـۆ ناوخـۆ دابیـن بکرێـت و تەنانـەت هەندێـك بەرهەمـی پیشەسـازیی وەك رسـتن و چنیـن و پێسـتە خۆشـکردن و جۆلایـی و بۆیـە سـازی هەنـاردەی دەرەوەی کوردسـتان بکرێـت، هەمـوو ئەوانـە لـە نـووسراوی بەشـێکی زۆری رۆژهەڵاتناسـەکاندا ئاماژەیـان پێـدراوە.

رەوشـی ئابووریـی لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی پانزەدا، لـە زۆربـەی ناوچکانی کوردسـتان وەك خـۆی مابـووەوە، ئەوەتا جوزافـات بەرپـەرۆدا کـە لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی پانـزە چووەتـە باکـووری کوردسـتان، لـە رووی ئابوورییـەوە باسـی چەنـد شـارێك ئـەکات، لەوانـە ماردیـن، کـە دانیشـتوانەکەی کوتاڵـی لـە ئاوریشـم درووسـتکراو بەرهـەم ئەهێنـن و هەروەهـا خەریکـی درووسـتکردنی رسـتن و چنینیشـن، لـە شـاری حەسـکێفا، بازرگانێکـی زۆری لـێ کۆبـووە بـەوە و خەریکـی کڕیـن و فرۆشـتنی کوتاڵـن لـە بەرئـەوە لـەو شـارەدا لـە لایـەك قومـاش بەرهـەم هێـنراوەو لـە لایەکـی تـر بازرگانیـی  کوتاڵیـش کـراوە (محەمـەد، ٢٠١٤: ٢٠٣).

دۆخـی پیشــەوەران لـە ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی میرنشـینە کوردییـەکان بەرامبـەر ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی فەرمانڕەوایانـی عوسـمانیی  بـە شـێوەیەکی راسـتەوخۆ، رێژەکـەی باشـتر بـووە هـەروەك رۆژهەڵاتناسـی ئیتالـی - سبسـتیانی، لـەو کاتـەی سـەردانی موسـڵی کـردووە لـە ساڵی ١٦٦٤دا کـە ئـەوکات لـە ژێـر رکێفـی فەرمانـڕەوای والـی عوسـمانیی دا بـووە، لـەو بارەیـەوە ئەڵێـت: «چەنـد رێگایەکـم بینـی کـە خەڵکـی تیـادا نەبـوو، دەرگای دوکانـەکان داخـراون، بـۆم دەرکـەوت کـە بازرگانـەکان و خـاوەن پیشـەکان کارەکانیـان بەجـێ هێشـتووەو بـەرەو کوردسـتان هەڵاتبـوون، ئەوانـە خۆیـان دەربـاز کردبـوو لـە تـاو رادەسـتکردنی باجێکـی زۆر لـە سـەریان (سبسـتیانی، ٢٠٠٦: ١٠٩).

لـە هەندێـك ناوچـەی کوردسـتاندا، جـۆرە پیشەسـازییەکی خۆماڵـی هەبـووە، بـە دەگمـەن لـە ناوچـەی تـردا بیـنراوە نـەك تەنانـەت لـە ناوچەکـەدا، بەڵکـو بـەلای رۆژهەڵاتناسەکانیشـەوە بـووە بـە جێـی سەرسـوڕمان، کـە لـە ناوچەیەکـی رۆژهـەڵات و بـە تایبەتـی لـە کوردسـتاندا کـە بـە دەگمـەن کارگەیەکـی پیشەسـازیی تیـادا هەبووبێـت کـە لـە لایـەن دەوڵەتـەوە درووسـتکرابێت، ئەوەشـی هەبووبێـت خۆماڵـی بـووە، هـەروەك لیانـدرو کەرملـی لـەو بارەیـەوە بـەم شـێوەیە نووسـیویەتی: «لـە کاتـی گوزەرکردنمانـدا بـە تەنگەبـەرە زۆر تەسـکەکانی چیاکانـدا، لەوێـدا ئەشـکەوتی تیابـووە، کـە ئێزیدییـەکان بـە تەقەکردنیـان لێمان ئێمەیـان بێـزار کردبـوو، لە بری فیشـەکی لە قوڕقوشـم درووسـتکراو، فیشـەکی خۆیـان لـە گڵ و مـوو و هەویـری بـە میـزی ئەسـپ تێکـراو درووسـت ئەکـرد، ئـەو فیشـەکە رەق و ژەهـراوی بـوو، کـە یەکێکـی پـێ برینـدار ببوایـە، بـە گـران چارەسـەری ئەکـراو ئەبووایـە شـوێنی برینداڕەکـە ببڕرێتـەوە (الکرملـی، ٢٠١٣: ٢٤). گرنگـی ئـەو جـۆرە فیشـەکە هـەر لـەوەدا نییـە کـە بـەو شـێوەیە درووسـتکراوە، بەڵکـو لـە شـوێنێکی چیایـی سـەختدا، نـەك کارگەیەکـی چـەك درووسـتکردنی لـێ نەبـووە، تەنانـەت لـەو سـەردەمانەدا دانیشتوانەکەشـی نەخوێنـدەوار بـوون و هیـچ زانیاریەکیـان لـە بـارەی چـەك درووسـت کردنـەوە نەبـووە، ئەوەشـی درووسـتیان کـردووە، لـە ئەنجامـی تاقیکردنەوەیەکـی خۆماڵـی بـووە و دوور لـە هـەر کانزایـەك.

پەیوەندییـە بازرگانیـی یەکانـی کوردسـتان هەمەلایەنـە بـووە جگـە لـە بازرگانیـی  ناوخۆیـی، بازرگانانـی کوردسـتان لەگـەڵ وڵات و هەرێمەکانـی دەوروبەریـش ئاڵوگۆڕیـان ئەکـرد، بـۆ نموونـە بازرگانانـی بدلیـس لەگـەڵ پێرسـیا و ئەناتۆلیا و شـام و میـسرو میسـۆپۆتامیادا بازرگانیـی ان ئەنجامـداوە (ئیسـکەندەر، ١٩٩٨: ١٥٢).

بـەو پێیـە ئـەوە دەرئەکەوێـت، لـە گونـدو شـارەکانی کوردسـتان، جـم و جۆڵـی ئابووریـی لـە هەرسـێ لایەنـی کشـتوکاڵیی و پیشەسـازیی و بازرگانیـی هەبـووەو دانیشـتوانەکانیان پشـتیان بـە بەرهەمـی خۆماڵـی بەسـتووە، جگـە لـە پڕکردنـەوەی پێداویسـتی ناوخـۆ، ئـەوی تریـان هەنـاردەی شـوێنانی تـر کـردووە. بەروبوومـە کشـتوکاڵییە هەمەجـۆرەکان لـە هەندێـك ناوچـەی کوردسـتاندا، بـووە بـە جێـی سـەرنج و تێبینـی رۆژهەڵاتناسـەکان، ئەوەتـا بازرگانیـی ڤینسـیای نەناسراوی ئیتاڵـی – کـە بـە نـاوی نەناسراوەوە ONONIMO VENEZIANO بابەتەکانـی نووسیوە، سـەبارەت بـە لایەنـی بازرگانیـی لـەو شـارانەی کـە ئـەو بازرگانـە لـە گەشـتەکەیدا سـەردانی کـردوون، ئـەوە دەرئەخـات کـە جـم و جۆڵـی بازرگانیـی لـە ئاسـتێکی پێویسـتدا بـووە لەبەرئـەوە دانیشـتوانەکەی لـە رووی داراییـەوە توانایەکـی باشـیان هەبـووە، کـە سـەرقاڵی بازرگانییـن، بـۆ نموونـە لـە حەسـکێفا، خانـوو و بـازاڕی گـەورە و چەندیـن کاروان سـەرا لـە لایـەن دانیشـتوانەکەیەوە درووسـت کـراون، تاکـو بازرگانـان تیایانـدا بحەوێنـەوە و بمێننـەوە، هەروەهـا سـێ هـەزار دووکانیشـی تیـادا هەبـووە. (محەمـەد، ٢٠١٤: ٦٧- ٦٨).

بەرهەمـی بەروبوومـە کشـتوکاڵییەکان و درەختـە بـەردارەکان لـە زۆربـەی ناوچەکانـی کوردسـتاندا لێیـان زیـاد بـووە، بـەو هۆیـەوە پێداویسـتی شـارەکانی تـری ناوچەکەیـان پـێ پڕکردووەتـەوە، لـە هەمـان کاتـدا بۆتـە هۆی درووسـتکردنی بازاڕێـك کـە جووڵـەی بازرگانیـی لێکەوتووەتـەوە و هەروەهـا بـووە بـە رێگـەی هاتووچـۆی بازرگانیـی لـە نێـوان رۆژهـەڵات و رۆژئـاوادا. تاڤێرنـێ کـە لـە سـەدەی حەڤـدەدا چووەتـە ناوچـە کوردییەکانـی باکـوری میسـۆپۆتامیا، ئـەوەی دەرخسـتووە، شـاری موسـڵ کـە شـارێکی گرنگیـی بـە یـەك گەیشـتنی بازرگانانـە بـە تایبەتـی بازرگانانـی عـەرەب و کـورد، مازوویەکـی زۆری تیایـە کـە لـە دەورو پشـتیەوە بـۆی ئەهێنرێـت. هەروەهـا بـاس لـە جووڵـەی بازرگانیـی ئـەکات لـە شـاری جزیـرە، کـە لـەو شـارەدا پردێکـی تیایـە بازرگانـەکان بـە مەبەسـتی کڕینـی مـازوو و تووتـن بەسـەریدا ئەپەڕنـەوە، لـەم شـوێنە هـەژارە ئەگـەر بێتـوو ئـەو دوو بەرهەمـەی لەبەرچـاو نەگیرێـت، ئـەوا خەڵکەکـەی بـە هـەژار دائەنرێـت. (تافرنییـە، ١٩٤٤: ٥٨ – ٥٩، ١١٦).

لەنـاو دەوڵەتـی عوسـمانیی دا هەندێـك جـار کاروانـە بازرگانیـی یـەکان کـە کارمەنـدی حکومییـان لەگەڵـدا بووایـە لـەو شـوێنانەی کـە رووبـاری لێبووبێـت، بـە قەیـاغ نەئەپەڕینـەوە، چونکـە هێـواش بـوو، بەڵکـو لـە رێـی پردەکانـەوە ئەپەڕینـەوە کـە بـەو شـێوەیە رێگایەکـی درێـژ بـوو (تیفینـو، ٢٠١٣: ٧٥).

چەنـد شـارێکی کوردسـتان، بـۆ مـاوەی سـەدان سـاڵ ببوونـە ناوەندێکـی رێـگای بازرگانیـی نێوان دەوڵەتـی سـەفەویی و دەوڵەتـی عوسـمانیی، یەکێـك لەوانـە رێـگای سـیوەرەك – دیاربەکـر – بدلیـس - وان –مەرەنـد- لێرەشـەوە بـۆ تەبرێـز، ئـەم رێـگای بازرگانیـی یـە لـە چـاو رێـگا بازرگانیـی یەکانـی تـر، باجـی کەمتریـان وەرئەگـرت کـە بـۆ هـەر بارێـك، نیـو لیـرە ئـەدراو ماوەکەشـی کورتـتر بـووە (تاڤێرنـێ، ١٩٨١: ١٤٥). یەکێـك لـە شـارە بازرگانیـی ەکانـی تـری کوردسـتان، دیاربەکـرە جگـە لـەوەی بـووە بـە ناوەندێکـی رێـگای بازرگانیـی لـە نێـوان حەلـەب و بدلیـس و سـەڵماس و تەبرێـز، هەروهـا پیشەسـازیی چـەرم خۆشەکردنیشـی تیادایـە، کـە زۆربـەی دانیشـتوانەکەی ئـەو کارە ئەکـەن، چەرمـی ئـەم شـارە لـە بەرئـەوەی رەنگەکـەی ناچێتـەوە و پتەویشـە لـە هـی شـوێنانی تـر بـە چەرمێکـی چاکـتر دائەنرێـت و بـەو هۆیـەوە ناوبانگـی دەرکـردووە هـەروەك تاڤێرنـێ باسـی لێـوە کـردووە (تاڤێرنـێ، ١٩٨١: ١٤٦).

بـاج وەرگرتـن تەنهـا لەسـەر بەرووبوومـی کشـتوکاڵیی و باخداریـی و ئاژەڵداریـی نەبـووە، کـە لـە لایـەن حکومەتـەوە جێبەجـێ کـراوە، بەڵکـو لەسـەر ئەوانـەی خـاوەن پیشـە بـوون بـە تایبەتـی ئەوانـەی لەنـاو بازاڕەکانـدا کاری پیشـوەرییان ئەکـرد، ئـەو بـاج وەرگرتنـە ناوچـە کوردییەکانیشـی گرتووەتـەوە، کـە لـە هەندێـك شـاری کوردسـتاندا، لـە

لایـەن دەوڵەتـی سـەفەویی  بوویێـت یـان دەوڵەتـی عوسـمانیی ، بـاج لەسـەر دوکانـداران دانـراوە، بـۆ نموونـە لەنـاو دەوڵەتـی سـەفەویی دا، هەرکەسـێك لـە بـازاڕدا دوکانێکـی هەبوویێـت بـە گوێـرەی دەسـتکەوت و کارەکـەی باجـی لـێ سـەنراوە (محەمـەد، ٢٠١٤: ٧٢-٧٣).

سسـتەمی بـاج وەرگرتـن لـە لایـەن دەوڵەتەکانـی سـەفەویی  عوسـمانیی  لەسـەر خەڵکەکـە چـوون یـەك نەبـووەو تەنانـەت لـە هەندێـك کـەس بـاج وەرنەگیـراوە، بـۆ نموونـە لـە سـەروبەندی حوکمڕانـی دەوڵەتـی سـەفەویی دا، زەویـی کـە بـە سـەرداران و نۆکەرانـی بەخشـیوە، باجـی لـێ وەرنەگرتـوون (محەمـەد، ٢٠١٤: ٧٢-٧٣)، دەسـەڵاتدارانی دەوڵەتـی عوسـمانیی  لـە دەوروبـەری هـەر شـارێك، گومرگـی دانـاوە، ئـەو باجـەی لـە کاروانییـەکان وەرئەگیرێـت رەوانـەی پاشـالەکی شـارەکان ئەکرێـت، لـە هەندێـك جـاردا بەرپرسـانی گومرگـەکان باجیـان لەوانـە وەرنەئەگـرت کـە بیانـی بـوون بـە تایبەتـی ئـەو ناوچـە ئەوروپییانـەی کـە کەوتبوونـە ژێـر دەسـەڵاتی ئـەو دەوڵەتـەوە، هـەروەك تیڤینـو لـەو بارەیـەوە ئەڵێـت: «کـە گەیشـتینە دەوروبـەری شـاری نسـیبین، بەرپرسـێکی گومـرگ هـات بـۆ لامـان بـە مەبەسـتی وەرگرتنـی بـاج لـە کاروانەکەمـان، ئـەم باجـە لـە لایـەن بەرپرسـی گومرگەکـەوە نەئەنێـررا بـۆ پاشـالەکی ماردیـن، بەڵکـو بـۆ فەرمانـڕەوای شـاری قـوج حەسـار ئەنێـررا و لەبەرئـەوەی بەرپرسـەکە وایزانـی کـە یۆنانیـم، هیـچ شـتێکی لـە مـن داوا نەکـرد (تیفینـو، ٢٠١٣: ٥٦).

جگـە لـە بـاج گومرگانـە لـە بازرگانـەکان وەرگیـراوە کـە لـە لایـەن کەسـێکی تایبەتـەوە کـە دەوڵـەت داینـاوە، سەرپەرشـتی ئەکرێـت و بەڕێـوە ئەبرێـت، لـە باجـی گومرگانـەدا، جیـاوازی لـە نێـوان مەسـیحی  و موسـڵماندا کـراوە، ئەگـەر مەسـیحییەك هـەر کاڵایەکـی بردبێـت بـۆ شـارێکی وەك تەبرێـز، ئـەوا لـە سـەدا دەی کـەل و پەلەکـەی وەکـو گومـرگ لێـی سـەندراوە، بـەڵام بـۆ بازرگانێکـی موسـڵمان لـە سـەدا پێنجـی لـێ سـەندراوە، لەگـەڵ ئـەوەدا ئەگـەر بازرگانەکـە کاڵاکـەی نەبردبێـت بـۆ شـارەکە و پیایـدا تێپەڕبوویێـت، ئـەوا رێژەیەکـی دیاریکراویـان لـێ سـەندووە، ئەویـش دوای کێشـانی کاڵاکـە (محەمـەد، ٢٠١٤: ٧٣).

هەروەهـا لەنـاو دەوڵەتـی عوسـمانیی داو لـە ناوچەکانـی کوردسـتاندا، لـە هەندێـك ناوچـەدا کارمەنـدە فەرمییـە بـاج وەرگـرەکان بـە ئـارەزووی خۆیـان و بـۆ خـودی خۆیـان باجیـان لـە کاروانییـەکان وەرئەگـرت، ئەوەتـا ژان ئۆتێـر لـە دەروازەی هەولێـر، لـە لایـەن کارمەنـدی بـاج وەرگـرەوە بارچەیەکـی قوماشـی شـاڵ و هەندێـك قوتـووە قـاوەی لـێ وەرگیـراوە (ئۆتـەر، ٢٠١٣: ٩٨).

## تـەوەری سـێیەم: رەوشـی ئابووریـی کوردسـتان لـە تێڕوانینـی رۆژهەڵاتناسـانی ئیتاڵیـا و فەڕەنسـا لـە نێـوان سـاڵانی ١٧٥٠ – ١٨١٩:

یەکێـك لـەو هۆکارانـەی کـە پاڵینـا بـە رۆژهەڵاتناسـەکان بـەرەو رۆژهـەڵات رێ بگرنەبـەر، هـۆکاری ئابوورییـە، ئـەوەش بـە مەبەسـتی دەسـتکەوتنی زانیـاری لەسـەر سـامانی ناوچەکـە و توانـا ئابوورییەکەشـیان، ئـەو هەنگاوەیـان بـووە دەسـت پێکێـك بـۆ سـوودوەرگرتنی وڵاتەکانیـان لـەو سـامان و توانایانـەی رۆژهـەڵات، هەندێـك لـە رۆژهەڵاتناسـەکان بـۆ ئـەو مەبەسـتە، توێژینـەوەی زانسـتیانەیان لـە نزیکـەوە لەسـەر ئابووریـی ناوچەکـە ئەنجام داوە. بەرلـەوەی ئامـاژە بدرێـت بـە نووسراوەکانـی رۆژهەڵاتناسـانی ئیتاڵـی و فەڕەنسـی بدرێـت، پێویسـتە وتـەی هەندێـك لـە گەڕیـدە و مێژوونووسـانی دراوسـێی کـورد ، لەبەرئـەوەی ئەوانـە لـە پێـش سـەدەکانی هـەژدەدا پێـش ڕۆژهەڵاتناسـەکان چوونەتـە ناوچـە کوردییـەکان و لـە بـارەی رەوشـی ئابووریـی کوردسـتانەوە دواون.

سـەبارەت بـە کشـتوکاڵ بـە پلـەی یەکـەم دێـت لـە داهاتـی کوردسـتان نـەك تاکـو سـەرەتاکانی سـەدەی نـۆزدە، بەڵکـو

بـۆ سـاڵانی دواتـر، ئـەو بەروبوومـە کشـتوکاڵییانە بـە ئامـرازە سـەرەتاییەکانی ئاودێریـی کـە کـورد خـۆی درووسـتی کـردوون بـۆ ئـاوەدەدران هـەروەك جۆگـەی دەسـتکرد، بـەڵام هەندێکیـان لـە ڕێـی ئـاوی کانیـی و کارێزەکانـەوە ئاوئـەدران، بـەڵام ناوچـە چیاییەکانـی کوردسـتان، زیاتـر بایـەخ بـە بەروبوومـی درەختـی سروشـتی وەك بـەڕوو و مـازوو ئەیـەن، لـە پـاڵ ئەوانـەدا داهاتـی سـەرەکیان ئاژەڵدارییـە، ئـەوەش لـە ناوچەیەکـەوە بـۆ ناوچەیەکـی تـر ئەگۆڕێـت، هەندێـك ناوچـە گرنگـی زیاتـر بـە مـەڕ و مانـگا و بـزن و... تـاد ئـەدەن، لەوانـە ناوچـەی دیاربەکـر (ابـن حوقـل، ١٩٧٩: ٢٠٢؛ ابـن جبیـر، ١٩٦٨: ٢١٧).

ئەوانـەی بـە شـێوەیەکی بـەردەوام پشـت بـە داهاتـی بەخێوکردنـی مـەڕ و مـاڵات ئەبەسـتن، کۆچەرییـە کوردەکانـن کـە متمانـەی تەواویـان لەسـەر ئاژەڵدارییـە و لەبەرئـەوە سـاڵانە گەرمیـان و کوێسـتان ئەکـەن، بـە واتایەکـی تـر زسـتانان هەواریـان لـە گەرمیانـە و هاوینانیـش لـە کوێسـتان و زۆزانـی چیاکانـە، ئەمانـە زۆر جـار لەژێـر ڕەشـماڵدا ژیـان ئەبەنەسـەر، بـەڵام نیمچـە کۆچەریـی زیاتـر لـە هاوینانـدا ئەوانـەی شـوانکارەن بـەرەو لەوەڕگـەی دامێنـی چیـاکان ئەچـن، ئەوانەشـی کشـتوکاڵ ئەکـەن لـە گوندەکانـدا ئەمێننـەوە (ئەحمـەد، ١٩٧٤: ٣٦٧-٣٦٩).

ژوبێـر ئـەو جیاوازییـەی نێـوان کۆچەریـی و کـوردە نیشـتەجێکانی کـردووە، ئـەو کۆچەرییەکانـی بـە شـوانکارە ناوبـردووە کـە ئەوانـە ئاژەڵداریـی ئەکـەن و زیاتـر مانـگا و بـزن و مەڕیـان هەیـە، کـە بـۆ بەدەستخسـتنی مـەڕ و مـاڵات و لەوەڕگـەی زیاتـر، هەوڵـی دەستبەسـەراگرتنی زەویـی و زاری پـڕ لـە مێـرگ و پـاوان و مـەڕ و ماڵاتـی تـر ئـەدەن، بـەڵام هـۆزە نیشـتەجێکان و گونـد نشـنیەکان خەریکـی کشـتوکاڵکردنبوون (ژوبـر، ١٩٤٣: ٦٥، ٧٠).

بـە گشـتیی لـە سـەدەی هـەژدەو نـۆزەدا لـە هـەردوو بەشـەی کوردسـتانی ژێـر دەسـەڵاتی دەوڵەتـی عوسـمانیی  و قاجاریـی، کۆچەرییـە کـوردەکان سـوودێکی زۆریـان دەسـتکەوتووە لەبـەر ئـەوەی لەوەڕگەیەکـی فراوانـی هەبـووە کـە بـووە بـە هـۆی پێدانـی ئالیکێکـی زۆر بـە مـەڕ و بزنەکانیـان کـە سـاڵانە بڕێکیـان بـە پارەیەکـی زۆر ئەفرۆشـت، ژمـارەی ئـەو ئاژەڵانـەی کـە ئەیانـبرد بـۆ ئەسـتەمبووڵ ئەگەیشـتە ملیـۆن و نیوێـك و هـەر مێگەلێکیـش پێکهاتبـوو لـە هـەزارو پێنـج سـەد بـۆ دوو هـەزار سـەر کـە چەنـد شـوانێکی سـوودمەند لەگـەڵ خۆیانـدا ئەیانـبرد بـۆ ئـەو شـارە کـە حەڤـدە بـۆ هـەژدە مانگـی ئەخایانـد (ژوبێـر، ١٩٨٨: ٣٣).

ڕۆژهەڵاتناسـێکی تـر لـە بـارەی ڕەوشـی ئابووریـی کۆچەرییەکانەوە زیاتـر وردبووە بـەوە لێیان و هـۆزە کۆچەرییەکانی کوردیـی بـۆ دوو جـۆر دابـەش کـردووە، یەکەمییـان ئەوانـەن کـە لـە بەشـێکی سـاڵدا لەژێـر ڕەشـماڵدا ئەژیـن، ئەمانـە بـە دوای ئالیـك بـۆ ئاژەڵەکانیـان ئەگەڕێـن لەگـەڵ هۆگربوونیـان بـە کاری شـوانییەوە، کـە لـە سـاڵێکدا حـەوت بـۆ هەشـت مانـگ دوور ئەکەونـەوە لـە ماڵەکانیـان، جـۆری دووەمیـان ئەوانـەن کـە تەنیـا لەژێـر ڕەشـماڵدا ئەژیـن و داهاتیـان لەسـەر ئاژەڵدارییـە (دروویـل، ١٣٦٧: ٣٢٤-٣٢٥).

لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی هـەژدەدا، کەرەسـتە خواردەمەنییـە پێویسـتییەکان لـە ویلایەتـی موسـڵ، نرخەکـەی لـە چـاو ویلایەتەکانـی تـردا هەرزانـتر بـووە بـە تایبەتـی نـان و تـرێ و قـۆخ و لۆکـە و هاوشـێوەکانیان، ئـەوەش بـە هـۆی ئـەو بـڕە زۆرەوەیـە، کـە لـە کوردسـتانەوە بـۆی ئەبـرا، بـەڵام هەندێـك بەروبوومـی تـر بـە کەمیـی دەسـت ئەکـەوت، لەبەرئـەوەی لـە ناوچەکانـی تـرەوە بـە ڕێژەیەکـی دیاریکـراو بـۆ ئـەو ویلایەتـە ئەنێـررا جگـە لـە کاڵـەك و بەرهەمەکانـی تـر کـە لـە ناوچەکـەدا بـە ڕێژەیەکـی زۆر هـەن (لانـزا، ١٩٥٣: ١٥).

هەندێـك جـار لـە دەرەوەی کوردسـتان، کارەسـاتی وشکەسـاڵیی بـە هـۆی ڕادەی کەمیـی بارانبارین یان هـەر ڕووداوێکی تـری وەك بڵاوبوونـەوەی نەخۆشـی لەنـاو دانەوێڵـەدا، کـە بـووە بـە هـۆی کەمیـی ڕادەی بەرووبـووم ئەوەش کارەسـاتی

برسێتیی لەو ناوچانەدای لێ کەوتووەتەوە، بۆ خۆڕزگارکردن لەو دۆخە دژوارە روویان لە ناوچەکانی کوردستان کردووە، بۆ نموونە بە هۆی کارەساتی سروشتیی وشکە ساڵیی کە لە ئەنجامی کەمیی رادەی بارانبارین لە هەندێك ناوچەی دەرەوەی کوردستان روویان ئەدا، برسێتی لەو ناوچانەدا تەنگی بە خەڵکەکەی هەڵ ئەچنی، ئەوەش ئەبووە هۆی درووست بوونی پشێوی ئابووریی، لە ئەنجامدا دانیشتوانی ناوچەکە رووبەڕووی مردن ئەبوونەوە، یەکێك لەو رووداوە کارەساتبارانە، ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٥٦ لە شاری موسڵ و دەوروبەری، کە بە هۆی وشکە ساڵییەوە، بەرهەمی دانەوێڵە بە رێژەیەکی زۆر دابەزی و لە هەمان کاتدا گەرمایەکی بەتین ناوچەکەی گرتەوە، بۆ چارەسەری ئەو بارودۆخە دژوارە، چەند بازرگانێکی ئەو شارە لە رێی کاروانییەوە بەرەو ناوچەکانی شارەزوور و کەرکووك رۆیشتن، لەم ناوچانەدا گەنم و جۆیان دەست کەوت، پاشان ئەو دۆخە دژوارە بەرەو هێوربوونەوە چوو (لانزا، ١٩٥٣: ٩٩ – ١٠٠).

بە پیتی خاکی کوردستان لە چاو خاکی وڵاتانی دراوسێیدا، ناوبانگێکی گەورەی دەرکردووەو بۆتە جێی سەرنج و تێبینی زۆر لە رۆژهەڵاتناسەکان، ئەوەتا ئۆلیڤێ ئەڵێت: «ئەگەر ئەم وڵاتە –کوردستان- ئاودێری زیاتری هەبووایە، جا بە هۆی بارانەوە بێت یان هۆکانی ئاودێریی، ئەوا خۆی بە هیچ وڵاتێکی تر نەئەگۆڕییەوە لە رووی خاك و زەوییدا (اولیڤییە، ١٩٨٨: ١٢٩). ناوچەی کەرکوك کە پێدەشتێکی فراوانی هەیە، جۆرەکانی دانەوێڵەی وەك گەنم و جۆ و گەنمەشامی و نیسك و پۆڵکە – بازلیاو هەروەها لۆکە و تووتن و ترێ و زەیتونی لێ ئەڕوێنرێت، ساڵانە بڕێکی زۆر لەوانە بەرهەم ئەهێنرێت، بە هەمان شێوە شاری ئەربیل - هەولێرو دەوروبەری ئەو بەرهەمانەی لێ ئەڕوێنرێت (روسو، ٢٠١٢: ٦٥- ٦٨).

بەو پێیە ئەو دوو ناوچەیەی باشووری کوردستان، بوون بە ناوەندێکی بەرهەم هێنانی بەروبوومی دانەوێڵە و هەندێك لە بەروبوومە کشتوکاڵییەکان لە بەر ئەوە رۆڵێکی لەبەرچاویان لە دابینکردنی ئەو بەرهەمانە بۆ ناوچەکانی دەرەوەی خۆیان بینیوە.

ماورینزۆ گارزۆنی، هەرچەندە زیاتر گرنگییداوە بە رێزمانی کوردیی، بەڵام ئاوڕێکی لە ئابووریی کوردستانیش داوەتەوە، کە کوردستان هەرێمێکی جوانە و بە داری بەرِوو داپۆشراوە و خەڵکەکەی بازرگانیی لەگەڵ ئاسیای بچوك و سووریاو ئەورووپادا ئەکەن ، هەروەها مانگا و بزنی زۆریشیان هەیە لەگەڵ کێڵگەی پاوان و چاندنگەی زۆریش چ لەسەر سنووری پێرسیا یان لەسەر سنوری میسۆپۆتامیا، کە بە دانەوێڵەو کونجی و پەموو بەناوبانگە (GARZONI, ١٧٨٧: ٤).

هەرچەندە ئامێدی لەسەر قەڵایەك بنیات نراوە، کە ناتواندرێت دانەوێڵە و بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی تیادا بچێنرێت بە هۆی نەبوونی رووبەری زەویی پێویست، بەڵام لە دەرەوەیدا لە بەر گرنگی ئەو شوێنە، دۆمینیکو سیستینی کە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەدا رووئەکاتە ناوچەکە، بە هۆی چالاکی کشتوکاڵیی و بەرهەمە جۆراوجۆرەکان لە ئامێدیی دا کە نەك بەشی ناوخۆی ئەکات، بەڵکو رەوانەی شاری موسڵ ئەکرێت. ئەو لەو بارەیەوە ئەڵێت: «بەوەدا دەرئەکەوێت، لەو شارە جگە لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، بڕی بەرهەمی هەنگوین و گەزۆ کە لە بەرهەمە ناوازەکانن لە جیهاندا بە بڕێکی زۆر بەرهەم ئەهێنرێت کە ئەوەش بووە بە هۆی ئەوەی جموجوڵی بازرگانیی لە شارەکەدا درووست ببێت ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە لەبەر زۆری داهات، رەوشی ئابووریی تیایدا لە ئاستێکی گونجاودا بێت». (سیستینی، ٢٠١٤: ٧٨).

ناوچەی جزیرە کە کەوتۆتە نزیك رووباری دیجلە، بووە بە کۆگایەکی مازوو و توتن کە لە کوردستان رەنێو

ئەكرێـن، هەروەهـا بـە هـۆی هەبوونـی دارسـتانێكی فـراوان، كـە برێكـی زۆر گوێـزی لێیـە و پێویسـتە بـۆ پیشەسـازیی ڕەنگكـردن، هەروەهـا لـە دەشـتە فراوانەكانیشـیدا تووتـن ئەچێنرێـت كـە بـووە بـە شـارێكی گونجـاو بـۆ بازرگانییكردنی ئـەو ناوچەیـە كـە لـە لایـەن میرێكـی كـوردەوە بەڕێـوە ئەبررێـت و بابـی عالـی نازنـاوی پاشـای داوەتـێ، هـەروەك ڕۆژهەڵاتناسـی فەرەنسـی كۆنـت فیرییـر سـۆڤبوف باسـی لێـوە كـردووە (سـوفبوف، ٢٠١٥: ٢٩٠- ٢٩١).

لـە ڕووەكـە سروشـتیەكانی كوردسـتان سـاڵانە بەرهەمێكـی باشـیان لێـوە دەسـت ئەخـرا وەك بـەڕوو، كـە درەختێكـی قەبـارە گەورەیـە هـەروەك سسـتینی درەختـی زان-ی وڵاتەكـەی بـە درەختـی بـەڕوو لێـك چوانـدووە، كـە كوردەكان بەڕووەكـە لـە فـڕن – لەنـاو كوانـوو دائەنێـن تاكـو ئەبرژێـت (سیسـتینی، ٢٠١٤: ٧٨). ناوبـراو لـە لایەكـی تـرەوە باسـی لـەوە كـردووە لەبـەر ئـەوەی كوردسـتان ناوچەیەكـی چیاییـە بـە هیـچ جۆرێـك گەنمـی تیـادا ناڕوێـت و لـە موسـڵەوە لەگـەڵ جـۆ و لۆكـە و برنجـدا هـاوردەی ئەكـەن (سیسـتینی، ٢٠١٤: ٧٨). ناوبـراو كەوتووەتـە هەڵـەوە كـە ئـەو بەرووبوومانـەی تیـادا ناڕوێـت، بەڵكـو لـە زۆر ناوچـەی كوردسـتان سـاڵانە برێكـی زۆر دانەوێڵـە بـە هەمـوو جۆرەكانییـەوە ئەجینرێـت و تەنانـەت هەنـاردەی دەرەوەی كوردستانیشـی ئەكرێـت، وەك پێشـتر ئامـاژەی پـێ درا.

هەندێـك جـار كـوردەكان كەوتوونەتـە بـەر ڕەخنەگرتـن لـە بـارەی كشـتوكاڵكردنەوە كـە گرنگیـی نایـەن بـە كاری جووتیاریـی، هـەروەك ئۆلیڤـێ ئەڵێـت: «كـوردەكان بـە گشـتیی لـە جووتیـاران نیـن، چونكـە لـە بەشـێكی زۆری سـاڵدا گوندەكانیـان چـۆڵ ئەكـەن و گەرمیـان و كوێسـتان ئەكـەن» (اولیڤییـە، ١٩٨٨: ١٢٦). ناوبـراو ئەبووایـە بینووسـیایە، ئـەو جوتیارانـەی كـە بـە درێژایـی سـاڵ خەریكـی كشـتوكاڵكردنن بـە بەردەوامیـی لـە گوندەكانـدان نـەك نیمچـە كۆچەرییـەكان كـە تەنها لـە وەرزێـك یـان لـە دوو وەرزی سـاڵدا جووتیاریـی ئەكـەن، بـەڵام ناوبـراو لـە شـوێنێكی تـری كتێبەكەیـدا باسـی ئـەوەی كـردووە، برێكـی ئێجـگار زۆر گەنـم و جـۆ نـەك تەنهـا لـە شـاری ماردیـن ئەجینرێـت ، بەڵكـو لـە زۆر شـوێنی تـری ناوچـە كوردییەكانیـش (اولیڤییـە، ١٩٨٨: ٢٨، ١٢٥).

لـە باكـووری كوردسـتان پێویسـتییەكی زۆری وەك گەنـم و شـێلم بەرهـەم ئەهێنرێـت و لـە دۆڵـە فراوانـەكان و پێدەشـتەكانی باشـووری كوردسـتان، بـە بەرهەمهێنانـی برنـج و گەنـم و جـۆو كونجـی و میـوە و تووتـن و پەمـوو بەناوبانگـە، هەروەهـا لـە كوردسـتان باشـترین جـۆری مـازوو هەیـە كـە لـە ئەسـكەندەرونە و ئیزمیـرەوە بـۆ ئەوروپا ڕەوانـە ئەكرێـت (ژوبـر، ١٩٤٣: ٤٥)، هەروەهـا لـە نێـوان نسـێبین و ئۆرفـە و ماردیـن، سـاڵانە برێكـی زۆر لـە دانەوێڵـەو پاقلەمەنـی هەمەجـۆرو كونجـی و كەمێـك برنـج ئەجینرێـت ، ناوچـەی مالاتیـە لـە چاندنـی پاقلەمەنییـدا ناوبانگـی دەركـردووە (اولیڤییـە، ١٩٨٨: ٢٨، ١٢٩)، لـە قـەسری شـیرین بـە هـۆی هەبوونـی ئـاو، كێڵگـەی چاندنـی برنجـی لـێ ئەكرێـت (دوبریـە، ٢٠١١: ١٨٢).

ئـەو پیشەسـازییانەی كـە لـە كوردسـتاندا بەرهەمهێـنراون، پیشەسـازیی ناوخـۆن، كـە ڕۆژهەڵاتناسـەكان جـۆری پیشەسـازییەكە و شوێنەكەشـیان دیاریكـردووە، وەك جـۆری پیشەسـازیی قوماشـی لۆكـە و مەراكیشـی لـە ماردیـن، كـە برێكـی زۆری لێـوە ئەنێردرێـت بـۆ حەلـەب (اولیڤییـە، ١٩٨٨: ٢٨)، هەروەهـا ناوبـراو ئامـاژەی بـە جۆرێـك پشەسـازی خۆماڵیـی داوە، كـە لـە پاشـەڕۆكی مانـگا و كای وردكـراوی لـە شـێوەی خەپلەییـدا كـە لـە كەركـوك دروسـت ئەكرێـت بـە مەبەسـتی بەكارهێنانـی ڕووناككردنـەوە و چێشـت لێنـان، لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە لۆكـەی كـۆن و تێككردنـی برێـك نـەوت، جـۆرە فتیلەیـەك دروسـت ئەكرێـت كـە بـۆ ڕوونـاك كردنـەوەی ڕێـگاكان بـەكاری ئەهێنـن (اولیڤییـە، ١٩٨٨: ٦٩).

ئەمـەش ئـەوە دەرئەخـات دانیشـتوانی ئـەو شـارە كـە زۆربەیـان كـوردن، بیـر لـە یەكێك لـە گرنگتریـن پێداویسـتییەكانی

ژیانی مرۆڤ بکەنەوە، کە رووناکییە و بێگومان تاکو ئەو کاتانەش لە زۆر شوێنی ناوچەکانی تری کوردستان ئەو جۆرە پیشەسازییەیان نەکردووە، یان ئەوەتا پەییان پێ نەبردووە یان نەوتیان نەبووە. ئەو جۆرە پیشەسازییە پێ ئەچێت سەرنجی چەندین رۆژهەڵاتناسی تری راکێشابێت کە لە نیوەی یەکەمیی سەدەی نۆزدەدا چوونەتە ئەو شارە و هەندێك شاری تری وەك کفریی، لەوانە دوبریە. بۆ مەبەستی رووناك کردنەوە لە ناوچە بەردەڵانییەکانی نزیك کەرکوك نەوت دەرئەهێنرێت، هەروەها لە نزیك کفری، لە بیرێك نەوت دەرئەهێنرێت، ئەم شلە رەشە لە بری زەیت بەکارئەهێنرێت، بەڵام بۆنێکی ناخۆش لە فانۆس – فتیلەکان دەرئەچێت (دوبریە، ٢٠١١: ٨٥، ٨٩).

دیاربەکر یەکێکە لە شارە دیارەکانی باکووری کوردستان، بە درێژایی سەدەکان لە هەموو رووەکانی ئابوورییەوە پێگەیەکی گرنگ و بایەخداری هەبووە، پیشەسازیی پێستەخۆشکردن کە تیایدا درووست ئەکرێت، کە جۆرەکەی لە چاو شوێنەکانی تردا باشترینیانە و لە سەرجەم وڵاتانی رۆژهەڵاتدا داخوازی لەسەرە، هەروەها لە قەراغی شارەکەدا، کانی زیوی لێیە کە سەرکەوتووانە بەکارئەبرێت (سوفبوف: ٢٠١٥: ٢٩١).

جگە لەو بەرهەمانە، بەرهەمی مێووژ لە کوردستانەوە رەوانەی موسڵ ئەکرێت، لەم شارەدا موسڵمانەکان شەربەتی لێ درووست ئەکەن و مەسیحییەکانیش شەرابی لێ درووست ئەکەن، لە پاڵ ئەوەدا هەر لە کوردستانەوە جۆرێك تووتن ئەگەرچی کەمێك لە خوارترە لەچاو تووتنی لازقیە، رەوانەی هەمان شار ئەکرێت (اولیڤییە، ١٩٨٨: ٤٨-٤٩).

لە لایەکی ترەوە ناوبراو زیاتر لە رۆژهەڵاتناسەکانی پێش خۆی لە گرنگیدان بە ئابووریی کوردستان دواوە و لە هەندێك لایەندا زانیاریی زیاتری نووسیوە، ئەمەش بە جۆرێك زیاتر گرنگییدانە بە رەوشی ئابووریی، کە لە رێی نووسینەکانییەوە، وا دەرئەکەوێت کە خەڵکی ناوچەکە بێت، ئەو بایەخ و گرنگییدانانە گەلێك لایەنی پەنهانی ئابووریی کوردستان لەو سەردەمانەدا دەرئەخەن، نموونە بۆ ئەوە کە دێتە سەر باسی دیاربەکر، جگە لەوەی هەروەك هەندێك شاری تری کوردستان درەختی بەردار و بواری کشتوکاڵیی تیادا هەیە، ئەوەشی دەرخستووە ئەو گەزۆیەی لە ئاسمانەوە دەبارێتەوە سەر گەڵای درەختەکان، ئەو زانیاری زیاتری داوە لە سوودی ئەم جۆرە خۆراکە و هەروەها شێوازی ئامادەکردنیشی، کە دوای کۆکردنەوەی گەڵای ئەو درەختەی کە گەزۆکەی لەسەر باریوە. ئەیکەنە هەویرێکی رەنگ سەوز و خەڵکیی لە رۆژێکدا لە چەند کاژمێری جیاوازدا ئەیخۆن، هەروەها بەری مازووش کە لەو شارە برێکی زۆری لێیە لە رێی فرۆشتنییەوە سوودی لێوەرئەگرن (دوبریە، ٢٠١١: ٢٤)، لە ناوچەکانی باکووری کوردستان لە داری گەرچەك، رۆن گەرچەکیان بەرهەم هێناوە کە وەکو سووتەمەنی بەکاریان ئەهێنا اولیڤیە، ١٩٨٨: ١٢٥).

بەشێکی ئەو کەرەستانەی کوردە کۆچەریی و نیشتەجێکان بەکاریان هێناون، درووستکراوی خۆیانن، هەروەك لە نووسراوی رۆژهەڵاتناسەکاندا بە تێپەڕبوونی سەردەمەکان تۆماریان کردووە، لە نموونەی ئەو پیشەسازییانە، درووست کردنی رەشماڵە، لە قوماشێکی تێکەڵاو لە خوریی و موو (ژوبر: ١٩٤٣: ٧٩). ئافرەتانی کورد بێبەش نین لە درووست کردنی هەندێك ئامرازی پێویستیی بە تایبەتی جل و بەرگ، ئەوەش لە رێی رستن و چنینەوە کراوە، ئافرەتانی کورد بە گشتیی و بە کۆچەرییەکانیشەوە، لە دوای لێبوونەوە لە کاری ناوماڵ، دەستیان داوەتە رستن و چنین بە بەکارهێنانی مووی بزن و خوری مەڕ لە درووستکردنی جل و بەرگ و فەرش، کە هەندێك جار ئەو بەرهەمانەیان لە پێداویستی خۆیان زیاد بووە و بۆ بازاڕەکانی ناوخۆیان ناردووە (درووێل، ١٣٦٧: ٣٢٢).

پیشەسازیی کورد تەنها بە درووستکردنی ئەو جۆرە شت و مەکانەوە نەوەستاوە، بەڵکو هەندێك درووستکراوی تریان، بووە بە جێی سەرنج و لێدوان لە بارەی رۆژهەڵاتناسەکانەوە، کە بە لایانەوە بووە بە جێی سەرسوڕمان لە ناوچەیەکی رۆژهەڵات، زیاتر لە بارودۆخێکی ناجێگیریی ململانێی سیاسیی و سەربازیی نێوان وڵاتانی ناوچەکە و تەنانەت ناوخۆشدای بردووەتە سەر، نموونە بۆ ئەوە، کامپانێل کە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا چووەتە کوردستان. کۆمەڵگەی کوردیی لە رووی ئابوورییەوە بۆ چەند بەشێك دابەش کردووە، بەشێکی تریان کشتوکاڵ و شوانیی ئەکەن، هەندێکی تریان لە قوڕ بەلەم درووست ئەکەن و بەشێکیشیان کاری درووستکردنی پەت و حەسیرو فەرش ئەکەن، هەروەها ئەوانیتریان لغاوو شتی تری تایبەت بە ئەسپ درووست ئەکەن، ژمارەیەکی کەیان ئاسنگەر و دارتاشیی ئەکەن (CAMPANILE, ١٨١٨: ١٢٧-١٢٨).

تەنانەت پیشەسازیی کانزایی لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا لە کوردستان هەروەك هەندێك وڵاتی تری وەك سووریا و میسۆپۆتامیا و ئەرمینیا کراوە، هەروەها درووست کردنی شتومەك لە کانزای مس کە دواتر نێرراوە بۆ موسڵ و لەوێشەوە بۆ بەغداو پاشان بۆ هیندستان، هەروەك ئۆلیڤێ باسی لێوە کردووە (اولیڤییە، ١٩٨٨: ٤٨-٤٩). لە هەندێك ناوچەی گەرمەسێر لە کوردستاندا، ساڵانە بڕێکی زۆر لە خوێی سرووشتیی بەهەم هاتووە، هەروەك لە دووزخورماتوو، خوێی سروشتی بەرهەم ئەهێنرێت، کە لە رێی ئاو هەڵ هێنجانەوە ئاو ئەکرێتە گۆمێك و بۆ ماوەی سێ رۆژ بەجێ ئەهێڵرێت، دواتر لەسەر گۆمەکە، نەوت سەرئەکەوێت و ئینجا ئەخرێتە ناو گۆزەوە، دوای ئەوەی ئاوی گۆمەکە وشك ئەکات، خوێیەکە دەرئەکەوێت (دوبریە، ٢٠١١: ٨٨). ئەو جۆرە پیشەیە، هەروەك هەندێك پیشەی تری ساڵانە داهاتێکی باشی لێوە دەست کەوتووە کە بۆ ناوچەکانی تر نێرراوە.

بەرهەمی کشتوکاڵیی و باخدارییی و ئاژەڵداریی و پیشەسازیی، دوای پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ناوخۆ لەو بەرهەمانە، ئەوی تری رەوانەی بازاڕەکانی شارەکانی ناوخۆ کراوە و لەوێشەوە لە رێی بازرگانیی یەوە هەناردەی وڵاتانی دەوروبەر و ئەورووپاش کراوە، ئەم کاری بازرگانیی یە، مێژوویەکی دێرینی هەیە لەبەرئەوەی کوردستان لە ئاستی بەرهەم هێناندا لە پلەیەکی دیاردا بووە و تەنانەت لە هەناردەکردنی هەندێك کەرەستەی خواردن و ئامرازی پیشەسازیی دەستکردی کێڵان، ناوبانگی لە ناوچەکەدا دەرکردووە، کە پێشتر ئاماژە بە هەندێك لەو جۆرە بەرهەمانە درا، دۆمینیکو لانزا باسی لە گرنگی پێگەی کوردستان لە رووی بازرگانیی یەوە کردووە، ئەو کەل و پەلانەی لە ناوچە جیاجیاکانەوە ئەبردرێتە موسڵ بە کەل و پەلی ناوچە کوردییەکانیشەوە، لە رێی پەرینەوە بە چیاکاندا رەوانەی پێرسیا ئەکرێت (لانزا، ١٩٥٣: ١٧).

ئاشکرایە کە ئەو چیایانە سەرجەمیان ئەکەونە کوردستانەوە، ئەوەش وایکردووە، کوردستان ببێتە رێڕەوێکی بازرگانیی، لە نێوان وڵاتانی ناوچەکە بایەخێکی تری بازرگانیی لە کوردستان لەوەدایە، کە لە ئەنجامی کەمیی داهاتی ساڵانەی هەندێك ناوچەی دەرەوەی کوردستان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان، بازرگانەکانیان بەرەو ناوچەکانی کوردستان چوون، هەروەك ئەو گوندانەی دەوروبەری موسڵ بە هۆی ئەو ئاوە زۆرەی هەیانە، بە رێژەیەکی زۆر کشتوکاڵیی لۆکە ئەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا پێداویستی ناوخۆ پڕ ناکاتەوە لەبەرئەوە زۆربەی خەڵکەکە ئەچن لە کوردستانەوە بەرهەمی لۆکە ئەهێنن بۆ شارەکە (لانزا، ١٩٥٣: ١٦).

یەکێکی تر لەو شارانەی کوردستان، کە بووە بە شوێنێکی بازرگانیی بەناوبانگ، ماردینە لەبەرئەوەی کەوتووەتە دەرەوەی رێگای موسڵ – جەزیرە – دیاربەکر – ئورفە – حەلەب و دیمەشق، بازرگانیی تیایدا بایەخی خۆی

هەبــووە، لــە هەمــان کاتــدا بــووە بــە کۆگایــەك بــۆ شــت و مەکــی گوندەکانــی باکــووری رۆژهەڵاتــی شــارەکە، کــە چەندیــن کەرەســتەی تایبەتــی وەك قوماشــی لۆکــەی تیــادا بەرهــەم ئەهێنــن (اولیڤییــە، ١٩٨٨: ٢٨). هەندێــك شــاری کوردســتان نــەك تەنهــا بــووە بــە ناوەندیــی بازرگانیــی لــە ناوخــۆدا، بەڵکــو بــوون بــە ناوەندێــك بــۆ هەناردەکردنــی شــت و مــەك بــۆ دەرەوەی ناوچەکــە، دوبریــە لــەو بارەیــەوە ئــەوەی دەرخســتووە کــە دیاربەکــر شــوێنی بەیــەك گەیشــتنی کاروانییەکانــە کــە لێــوەی بەرهەمــە ناوخۆییەکانــی شــارەکەی وەك قوماشــی لۆکــە، کــە پێیــان وتــووە -گیــت- هەنــاردەی حەلــەب و دەوروبــەری دەریــای رەش و کریمیــا ئەکرێــت (دوبریــە، ٢٠١١: ٢٧).

تەنانــەت هەناردەکردنــی هەندێــك بەرهەمــی کشــتوکاڵیی وەك مازوو، ئەو ســنوورە جوگرافیــا ناوچەییانە تــێ ئەپەڕێنێت و بــۆ هەندێــك وڵاتــی وەك هیندســتان بــە تێپەڕبــوون بــە شــاری بــەسرادا ڕەوانــە ئەکرێــت، لــە لایەکــی تــرەوە لۆکــە لــە دیاربەکــرەوە بــۆ بەغــدا ڕەوانــە ئەکرێــت (سیســتینی، ٢٠١٤: ١٠٨). بــە هــۆی ئــەو بەرهەمــە زۆرو جۆراوجۆرانــە بــە تایبەتــی پیشەســازیی وەك پێشــتر ئامــاژەی پێــدرا، دیاربەکــر لــە رووی پێگــە ئابوورییەکەیــەوە گەشــاوەتەوەو ئــەو کاروانــە بازرگانییانــەی لــە ســووریا و بەغــداد و وڵاتــی ئێرانــەوە هاتوچــۆ ئەکــەن، لــەو شــارەدا بەیــەك ئەگــەن، ئــەوە بــووە بــە هــۆی دەوڵەمەندکردنــی دانیشــتوانەکەی، کــە هــەر شــتێك پێویســتیان پێــی بێــت لــە رێــی زەوییــە کشــتوکاڵییەکانیانەوە دەســتیان ئەکەوێــت (ســوفبوف، ٢٠١٥: ٢٩١).

کامپانێــل بــە هــۆی مانــەوەی چەنــد ســاڵێك لــە گەڕانــی بــە کوردســتاندا و ســەردانی چەندیــن گونــد و شــار و شــوێنانی تــر، چ ئــەوەی خــۆی دیویەتــی و چ بــە پرســیارکردن لــە کەســانی شــارەزای ناوچەکــە، زانیــاری وردی لەســەر چەنــد بوارێکــی نەتــەوەی کــورد تۆمــار کــردووە، لــە نێویانــدا رەوشــی ئابوورییــە، ئــەو لــە چەنــد لاپەڕەیەکــی کتێبەکەیــدا ئاماژە بــە ئابووریــی کوردســتان بــەم جــۆرە ئــەدات: «هەمــوو ناوچــە کوردییــەکان لــە چیــای گــەورەو زۆرگ و دۆڵ و نشــێو پێــک دێــت، ئــەم نەتەوەیــە بــە هیــچ جۆرێــك پێویســتیی بــە نەتەوەکانــی دراوســێی نییــە و بــە هــۆی کێڵگەکانیانــەوە بەرهەمــی دەســت ئەکەوێــت، چ بــۆ ناوخۆیــی و چ بــۆ هەناردەکردنــی بــۆ ســووریا، ئاشــوور، کلــدان و فەلەســتین و ئێــراك - عێراقــی عەجــەم و تاکــو ئێســتا –ســاڵی ١٧٨٧- بــۆ ئەوروپــاش هەنــاردە ئــەکات، لــە چیاکانــدا کانــزای بەنرخــی تیایــە، هەروەهــا گژوگیــای زۆری هەیــەو خەڵکەکــە ئــەو گژوگیایانــە کۆئەکەنــەوە و ئەیخەنــە نــاو شــتێکەوە، کــە بۆنەکــەی بەردەوامــە و دواتــر لەبــەر تیــژی بۆنەکــەی چاویــان ئەکەنــەوە، لەگــەڵ ئەوەشــدا بەرهەمــی پەنیــر و برنــج و سێویشــی هەیــە (CAMPANILE, ١٨١٨: ١٢٦).

هــەردوو دەســەڵاتداری دەوڵەتــی ســەفەویی و دەوڵەتــی عوســمانیی ، چەندیــن جــۆر باجیــان لەســەر هــۆزە کۆچەرییە کــوردەکان و جوتیــاران و پیشــەوەران و بازرگانانــی کــورد دائەنــا، کــە ئەبــووە هــۆی بارگرانــی بەســەر ئــەو چینانــەوە، لــە نموونــەی ئــەو جــۆرە باجانــەی دایــەن ئەنــا، باجــی ســەر مــەڕ و مــاڵات، باجــی ســەر دانەوێڵــە و بەرووبوومــە کشــتوکاڵییەکان و دانانــی بــاج لەســەر هەمــوو بەرهەمێــك، لــە هەمــان کاتــدا دەرەبەگــە کــوردەکان و ســەرۆك هۆزەکان لــە لای خۆیانــەوە چەندیــن جــۆر باجیــان دائەنــا، لەوانــە باجــی ســەر دانەوێڵــە، بەرووبوومــی شــیرەمەنیی و چەندیــن جــۆر باجــی تــر (پــووا، ٢٠٠١: ٤٢-٤٣، ٥٤).

سیســتەمی بــاج وەرگرتنەکــە جگــە لــە دەوڵــەت و خــاوەن موڵکــەکان کــە بــە رەگــەز کــورد بــوون، میــری میرنشــینە کوردییــەکان بــە هەمــان شــێوە و بــە پیــی پێویســتی خۆیــان باجیــان لەســەر خەڵکەکــە دانــاوە، ئەوەتــا کۆتالــۆردا کــە لــە ســاڵی ١٧٥٧ لــە کاتــی گەشــتەکەیدا ســەردانی باکــووری کوردســتانی کــردووە، رێــی ئەکەوێتــە شــاری حەســکێفا، کارگێــڕی شــارەکە لــە لایــەن میرێکــی کــوردە و بەڕێــوە ئەبرێــت، و بــاج وەرئەگرێــت، جــا لــە کــەل و پــەل بێــت یــان لــە

گەشتیاران، لەم ڕووەوە جیاوازی لە وەرگرتنی باجەکەدا نەکردووە (گالیتی، ٢٠٠٨: ٤٦).

هەروەك پێشتر بە کورتی ئاماژە بەوە درا کە سستەمی باج وەرگرتن لەسەر هەموو بەرووبوومێکی کشتوکاڵیی و باخداریی و ئاژەڵداریی و پیشەسازییی و بازرگانیی ش لە لایەن دەوڵەتەوە دانراوە، بەڵام ئەو باج وەرگرتنانە تەنها لە لایەن دەوڵەتەوە دانەنراوە، بەڵکو لە لایەن دەرەبەگ و خاوەن موڵکە کوردەکانیشەوە کراوە، ئەمەش بارگرانیی لەسەر خەڵکەکە دروست کردووە و بووە بە هۆی ئەوەی کە بەشێك لە خەڵکیی ڕووبەڕووی هەژاری ببنەوە بە تایبەت ئەوانەی داهاتیان کەم بووە.

ئەوەتا گاسپار دروڤیل لە بارەی شێوازی باجدان تا ڕادەیەك وەك هاوجۆرەکانی پێشخۆی لێیدواوەو نووسیویەتی: «زۆربەی کۆچەرە کوردەکان بۆ چەند هۆزێك دابەشبوون کە لە لایەن بەگەکانەوە فەرمانڕەواییان ئەکرێت و ئەوانە پەیوەندییەکی ڕەهایان بە دەسەڵاتەوە گرێداوە، ئەو کۆچەرانە، مێگەلەکانیان ئەبەن بۆ پاوەن کە بە پێی ئەو شوێنەی تیایدا دائەنیشن جیاوازە، سەبارەت بە تایبەتمەندییەتی دەسەڵاتی مەدەنی، هەموو هۆزێك پێویستە لەسەری کە باج و خەراج ڕادەست بکات بە پێی ئەو داهاتەی هەیەتی کە بەرامبەر حەقێکی تێپەڕبوون یان دەوارهەڵدانە» (درووپل، ١٣٦٧: ٢٠٤ – ٢٠٥).

بەڵام ئەو کوردانەی پێرسیا لە زستاندا لە چیا زۆر ساردەکاندا نیشتەجێن، مێگەلەکانیان لەو وەرزەدا ئەلەوەڕێنن کە ئاو و هەواکەی زۆر گونجاوەو ئەوان لەو شوێنەشدا لەوەڕگە و ئاویان دەست ئەکەوێت، بەڵام سەبارەت بەو کوردانەی سەر بە میری پاشایەتین لە کاتی جەنگدا میر ئەوانە تەدارەك ئەکات و لە بەرامبەر ئەوەدا لە باجدان ئەبوورێن (درووپل، ١٣٦٧: ٢٠٤، ٣٢٤-٣٢٥).

هەرچەندە بە گشتیی هەر سێ جۆرەکەی ئابووریی، سەرچاوەی ژیانی مرۆڤایەتیین، بەڵام بەروبوومە کشتوکاڵییەکان سەرچاوەی یەکەمیی خۆراك و بژێویی ژیانی مرۆڤن، لەبەر ئەوە هەر گیروگرفتێك لە بەرهەمی کشتوکاڵییدا ڕووبدات ئەوا ئەبێتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووریی، ئەو گیروگرفتانە چەند جۆرێکن کە لە نووسراوی هەندێك لە ڕۆژهەڵاتناسەکاندا بەرچاو ئەکەون، لە نموونەی ئەو گرفتانە کەمیی ڕادەی باران بارینە کە ئەبێتە هۆی وشکە ساڵیی یان سەرماو سۆڵە بە هۆی بارینی بەفرێکی زۆرو تەرزەوە، ئەم دیاردەیە لە کوردستاندا جارجار ڕوویداوە کە بووە بە هۆی زیان گەیاندن بە دانەوێڵەو بەروبوومە باخدارییەکان، ئەوەتا تەوژمێکی سەرما و سۆڵە لە ساڵی ١٧٥٧دا لە وڵاتی شامەوە تاکو دیاربەکر و ماردین و مووشی گرتەوە و بووە بە هۆی لەناوچوونی بەروبوومە کشتوکاڵیی و ئاژەڵدارییش کە برسێتیی لێ کەوتەوە (لانزا، ١٩٥٣: ٤٢ – ٤٣).

جگە لە هۆکاری سرووشتیی، هۆکاری مرۆیی وەك جەنگ و ململانێی نێوان هۆزە کوردییەکان و سەپاندنی باجی زۆر، بووە بە هۆی دروستکردنی گرفتی ئابووریی، زۆر جار ئەو باجانەی لە لایەن بەیگلەر -بەگی-یە فەرمانڕەوا ناوچەییەکانەوە خراوەتە سەر ئەو کوردانەی بژێویی ژیانیان لەسەر بەخێوکردنی ئاژەڵەماڵییەکانە، کە بۆ لەوەڕاندنی مێگەلەکانیان بەرەو ناوچە کوێستانییەکان ئەچوون، بەڵام لەتاو باجی زۆر لە سەریان، ناچار بوون لە وەرزی زستاناندا لەو ناوچانەدا بمێننەوە، کە سەرما ئەبووە هۆی زیان گەیاندن بە مێگەلەکانیان (درووپل، ١٣٦٧: ٢٠٤).

بەم جۆرە هۆکارە سرووشتیی و مرۆییەکان لە هەندێك جاردا بووە بە هۆی گرفتی ئابووریی بۆ کوردستان، کە لە ئەنجامی ئەوەدا زیانی ئابووریی لێ کەوتووەتەوە.

## دەرەنجام:

### لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا ئەم دەرئەنجامانە دەستکەوتوون:

١- هەڵکەوتەی جوگرافیایی کوردستان و بە پێتیی خاکەکەی، لە رووی بەرهەمی کشتوکاڵیی و باخدارییەوە، بە درێژایی سەردەمەکان، بووە بە ناوچەیەکی گرنگ نەك تەنها بەلای رۆژهەڵاتەوە، بەڵکو بەلای ڕۆژئاواشەوە، بەرهەمی کشتوکاڵیی و باخداریی، جگە لە پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆ، ساڵانە بڕێکی زۆریشی لێوە نێرراوە بۆ وڵاتانی ناوچەکە و ئەورووپا، ئەوەش بووە بە داهاتێکی گونجاو بۆ دانیشتوانی کوردستان.

٢- بە هۆی ئەوەی زۆربەی خاکی کوردستان لە چیا پێکهاتووە، لەوەڕگە و پاوانێکی زۆری لێیە، کە کوردە کۆچەریی و نیمچە کۆچەرییەکانیش، ئاژەڵەکانیان بۆ ئەو ناوچانە بردووە، لە ئەنجامی ئەوەدا بەرهەمێکی زۆری شیرەمەنیی دەست کەوتووە، کە بۆ ناوچەکانی تر نێرراوە، ئەوەش داهاتێکی باشی لێکەوتووەتەوە.

٣- سەرەڕای بەرهەمی کشتوکاڵیی و باخداریی و ئاژەڵداریی، لە هەندێك ناوچەی کوردستاندا، چەند جۆرە بەرهەمێکی سرووشتیی تر بەرهەمهاتوون، لەوانە خوێی سرووشتی یکە لە هەندێك لە ناوچە گەرمەسێرەکانی کوردستاندا، ساڵانە بڕێکی زۆر لەوە بۆ ناوخۆ و دەرەوەی کوردستانیش هەناردە کراوە.

٤- لەبەر هەبوونی بڕێکی زۆری درەختی وەك ترێ، هەڵوژە، قەیسی... تاد، ئەمانە دوای وشککردنەوەیان، هەناردەی دەرەوەی کوردستان کراون بە وڵاتانی ئەورووپاشەوە، هەروەها درەختی سرووشتیی کە لە ناوچە چیاییە بەرزەکاندا ئەڕوێت، وەك مازوو و بەڕوو و دارەبەن، ڕێژەی بەرهەمە زیادەکیان، بۆ شوێنانی تر نێرراوە و تەنانەت ساڵانە بڕێکی زۆری بۆ وڵاتانی ئەورووپایی نێرراون کە ئەو وڵاتانە بۆ پیشەسازیی سوودیان لێ وەرگرتوون.

٥- بەشێکی زۆر بەرهەمە پیشەسازییەکان لە کوردستاندا لە ناوخۆدا درووست کراون، ئەو بەرهەمانە چەند جۆرێکن، بەشێك لەو شت و مەکانەی وەك رەشماڵ و ئامێری جووت کردن و دروێنە و هاوشێوەکانیان، لە ناوخۆی کوردستان درووست کراون، ئەوەش بە هۆی دەست کەوتنی کەرەستەکانییان لە کوردستان، وەك مووی بزن و خوری و داری درەختی بێ بەری وەك داری بیی و چنار.

٦- لەبەر هەبوونی هەندێك کانزای وەك ئاسن و مس، لە ناوخۆی کوردستاندا، سوود لەو کانزایانە وەرگیراون بۆ درووست کردنی شت و مەکی پێویستی رۆژانەی وەك، دەفرو چەقۆ و هەروەها داس و تەور و... تاد. لە پاڵ ئەوانەشدا نەوتیان بەکارهێناوە بۆ رووناك کردنەوە بە تایبەتی لەو ناوچانەی ئەو کانزایەی تیادا هەبووە.

٧- بە هۆی رێژەی زۆری بەرهەمی کشتوکاڵیی و باخداریی و ئاژەڵداریی و پیشەسازییە هەمەجۆرەکان، جووڵەی بازرگانیی لەناو بازاڕەکانی کوردستان درووست بووە، کە بووە بە هۆی درووستبوونی داهاتێکی گونجاو بۆ دانیشتوانی کوردستان.

٨- بەرهەمە پیشەسازییەکان نەك لە کوردستاندا رەواجی زۆریان هەبووە، بەڵکو وڵاتانی دراوسێ و تەنانەت ئەورووپا، پێویستیان بەو جۆرە بەرهەمانە هەبووە، کە لە زۆربەی نووسراوی زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسەکاندا بەرچاو ئەکەون.

٩- هەرچەندە لە سەدەی هەژدە و پێشتریدا، کەرەستە و ئامێرە کشتوکاڵییەکان دواکەوتوو بوون، جوتیارانی کورد لە کاری کشتوکاڵکردن و بەرووبوومەکان و جۆگەی ئاو هەڵبەستن کارامە بوون ئەمە لە لایەك، لە لایەکی

تـر هـۆکاری سرووشـتیی وەك وشکەسـاڵیی و پەیدابوونـی مێـرووە زیانبەخشـەکان، کاریگەریـی یـان لەسـەر داهاتـی بەروبوومـی کشـتوکاڵیی هەبـووە.

١٠- ئـەم پێگـە سـتراتیژیە جوگرافیاییـەی کوردسـتان، بـووە بـە هۆکارێـك بـۆ گرنگیـدان و بایەخـدان بـە کوردسـتان لـە لایـەن وڵاتانـی ناوچەکـە و ئەورووپـا، لەبەرئـەوەی ئـەو کاڵا و شـت و مەکانـەی لـە وڵاتانـی رۆژهەڵاتـی کوردسـتانەوە هەنـاردە ئەکـران و ئەگەیەنرانـە بازاڕەکانـی چەنـد شـارێکی کوردسـتان وەك کرماشـان، دیاربەرکـر، ماردیـن... لـەو شارانەشـەوە ئـەو کاڵا و شـت و مەکانـە بـۆ وڵاتانـی تـری ناوچەکـە و ئەورووپـاش رەوانـە ئەکـران.

١١- هەرچەنـدە کوردسـتان سـەردەمانێکی دوور و درێـژ تاکـو سـەدەی نـۆزدە و دواتـر، بـە هـۆی داگیرکردنییـەوە دابەشـکراوە، کاریگەریـی لـە سـەر رەوشـی ئابووریـی هەبـووە، لەگـەڵ هەبوونـی ئـەو هـۆکارە سیاسـییە، بـەڵام نەتوانـراوە ببێـت بـە رێگـر لـە بـەردەم ئابووریـی کوردسـتان، بەڵکـو بـە پێچەوانـەوە رەوشـە ئابوورییەکـەی بـە هەرسـێ بەشـەکەیەوە لـە جووڵـەی بەردەوامـدا بـووە، ئـەوەش لـە نـووسراوی گەڕیدەکانـی وڵاتانـی دراوسـێی کـورد و رۆژهەڵاتناسـە رۆژئاواییەکانیشـدا رەنگـی داوەتـەوە، کـە بێلایەنانـە زانیارییەکانیـان لـە رووی چالاکییـە ئابوورییـەکان تۆمـار کـردووە و دواتـر هەڵسەنگاندیشـیان لـە بارەیانـەوە بـۆ کـردوون.

١٢- لـە رووی شـێوازی ژیـان و گـوزەران، کۆمەڵگـەی کوردیـی بـۆ سـێ جـۆر دابـەش بـوون کـە بریتیـن لـە کۆچـەر و نیمچـە کۆچـەر و نیتشـەجێبووەکان. کۆچـەرەکان ژیانیـان لـە رەشـماڵدا بەسـەر بـردووە و گەرمیـان و کوێسـتانیان کـردووە بـە مەبەسـتی گـەڕان بـە دوای لەوەڕگـەدا. نیمچـە کۆچەرییـەکان بەشـێکیان بـە زسـتانان لەنـاو گوندەکانـدا دانیشـتوون و خەریکـی کاری کشـتوکاڵیی بـوون، بـەڵام بەشـێکی تریـان لـە هاوینـدا لـە پێنـاو لەوەڕگـەدا بـەرەو چیاکان چـوون. نیشـتەجێبووەکان ئەوانـە بـوون کـە بـە بەردەوامـی لـە گونـد و شـارەکاندا ئەژیـان، ئەوانـەی گونـدەکان کاری کشـتوکاڵیی و لـە پاڵیـدا بەخێوکردنـی مـەڕ و مـاڵات بـووە، هەرچـی شارنشـینەکانن، کاری پیشـەوەریی و بازرگانییـان کـردووە.

١٣- بـە پێـی نـووسراوی مێژوونووسـان و جوگرافیناسـانی ناوچەکـە و ڕۆژهەڵاتناسـەکان، نەتـەوەی کـورد بـە تێپەڕبوونـی سـەردەمەکان، لـە رووی ئابوورییـەوە پشـتی بـە خـۆی بەسـتووە و لـەو رێیـەوە داهاتـی بژێویـی ژیانی خۆی دەسـتەبەر کردووە.

١٤- بـە هـۆی هەڵکەوتـەی پێگـەی سـتراتیژی کوردسـتان لـە رۆژهەڵاتـدا لـە سـەردەمە یـەك لـە دوای یەکەکانـدا و بـە تایبەتـی لـە سـەدەی هـەژدە بـەدواوە، بـووە بـە سـەرەڕێی بازرگانیـی  نێـوان وڵاتانـی ناوچەکـە لـە لایـەك، لـە لایەکـی تـرەوە بـووە بـە ناوەندێکـی بازرگانیـی لـە نێـوان رۆژهـەڵات و رۆژئـاوا.

١٥- هـۆکاری مرۆیـی وەك هاتنـە ئـارای  نائارامیـی و  شـەڕ و تاڵانکـردن و، هەرروەهـا کـەم تەرخەمـی دەسـەڵات، کاریگەریـی نەرێنییـان لەسـەر پرۆسـەی کشـتوکاڵ و ئاژەڵداریـی هەبـووە، کـە لـە ئەنجامی ئـەوەدا رەوشـێکی ئابووریی دژواری بـۆ خەڵکەکـە بـە گشـتیی و بـۆ جوتیـار و شـوانکارە و پیشـەوەر و بازرگانـەکان، بـە تایبەتـی دروسـتکردووە.

# سەرچاوەکان:

## یەکەم: کتێب:

### کوردیی:

ئۆتەر، ژان: سەفەرنامەی ژان ئۆتەر (١٧٣٤ – ١٧٤٣)، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣.

ئیسکەندەر، شەمسی محەمەد، دکتۆر: مێژووی کورد لە سەدەی ١٦هەمدا، و: شوکور مستەفا، هەولێر، ١٩٩٨.

بلۆ، جویس، پرۆفیسۆر دکتۆر: دۆزی کورد- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی، وەرگێڕانی: کارزان محەمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

تۆمابوا: ژیانی کوردەواری، ئاواز زەنگەنە: لە فەرەنسییەوە کردوویەتی بە کوردیی، حمە سعید حمەکریم: لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردیی، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیی، لە بەرێوەبەرێتی چاپخانەی زانکۆی سلێمانی چاپکراوە، سلێمانی، ١٩٨٠.

چلبی، اولیا: سیاحتنامه اولیاچلبی – کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا، وەرگێڕان: سەعید ناکام، چاپی دووەم، بەغدا، ١٩٧٨.

ریچ، کلودیوس جیمس: سەفەرنامەی ریچ بۆ کوردستان، وەرگێڕان: محەمەد حەمە باقی، چاپی سێیەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.

گالیتی، میریلا: کلتووری کوردیی لە دانراوی ئیتالییەکاندا لە سەدەی (١٣-١٩)، وەرگێڕانی: ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨.

محەمەد، رابیعە فەتاح، شێخ: کوردو کوردستان لە سەفەرنامەی بازرگانیی ڤینسیاییدا- سەرەتای سەدەی شانزەی زایینی، خانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٤.

مینۆرسکی: کورد، د. مارف خەزنەدار کردوویەتی بە عەرەبی، حمە سعید حمەکریم کردوویەتی بە کوردیی، بەرێوەبەرێتی چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٤.

نیکیتین، واسیلی: کورد وکوردستان، و: خالیدی حسامی (هێدی)، هەولێر، ١٩٩٨.

### عەرەبی:

ابن جبير، ابو الحسين محمد بن احمد الكناني الاندلسي: رحلة ابن جبير، دار الكتاب اللبناني، بيروت، ١٩٦٤.

ابن حوقل، ابو القاسم محمد بن على النصيبي: صورة الارض، دار مكتبة الحياة، بيروت، ١٩٧٩.

ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد الحضرمي: المقدمة، دار العودة، بيروت، ١٩٨١.

ابن رستة، احمد بن عمر: الاعلاق النفسية، دار احياء التراث العربي، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٨٨.

السمعاني، ابو سعد عبدالكريم بن محمد بن منصور التميمي: الانساب، تقديم وتعليق: عبدالله عمر البارودي، مؤسسة الكتب الثقافية، الطبعة الاولى، دار الجنان، بيروت، ١٩٨٨.

الكرملي، لياندرو: معرفة الشرق في العصر العثماني – الرحلة الايطالية الى العراق، ترجمة: الأب د. بطرس حداد، المركز الاكاديمي للابحاث، بيروت- لبنان، ٢٠١٣.

اوليڤييه: رحلة اوليڤييه الى العراق ١٧٩٤ – ١٧٩٦، ترجمة: د. يوسف حبي، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد، ١٩٨٨.

بـادي، اسـماعيل: رحلـة نـاصر خـسرو عـبر المناطـق الكورديـة، مركـز الدراسـات الكورديـة وحفـظ الوثائـق، جامعـة دهـوك، ٢٠١٠.

بكنغهام، جيمس: رحلتي الى العراق، ترجمة: سليم طه التكريتي، الجزء الاول، بغداد، ١٩٦٨.

پووا، توماس: تاريخ الاكراد، ترجمة: محمد بشير ميرخان، دار الفكر المعاصر، بيروت، ٢٠٠١.

تافرنييـه، جـان باتيسـت: العـراق في القـرن السـابع عـشر كـما رآه الرحالـة الفرنـسي تافرنييـه، ترجمـة: بشـير فرنسـيس و كوركيـس عـواد، بغـداد، ١٩٤٤.

تيفينـو، جـان دي: رحـلات جـان دي تيفينـو في الاناضـول والعـراق والخليـج العـربي (١٦٦٤ – ١٦٦٥)، ترجمـة وتعليـق: د. أنيـس عبدالخالـق محمـود، المؤسسـة العربيـة للدراسـات والنـشر، بـيروت – لبنـان، ٢٠١٣.

دانتسيغ، ب. م.: الرحالة الروس في الشرق الاوسط، ترجمة: د. معروف خزندار، بيروت، ١٩٨١.

دوبرية: رحلة دوبرية الى العراق (١٨٠٧-١٨٠٩)، ترجمة: الاب. د. بطرس حداد، دار الوراق، بيروت – لبنان، ٢٠١١.

ديللاڤاليه: رحلة ديللاڤاليه الى العراق، ترجمة: الاب د. بطرس حداد، الدار العربية للموسوعات، بيروت – لبنان، ٢٠٠٦.

روسـو، جـان باتيسـت، جـاك لـوي: وصـف باشـوية بغـداد سـنة ١٨٠٩، ترجمـة وتعليـق: خالـد عبـد اللطيـف حسـن، بغـداد، ٢٠١٢.

سبسـتياني: رحلـة سبسـتياني الاب جوزيبـه دي سـانتاماريا الكرمـلي الى العـراق سـنة ١٦٦٦، ترجمـة: الاب د. بطـرس حـداد، الـدار العربيـة للموسـوعات، بـيروت – لبنـان، ٢٠٠٦.

سـوفبوف، الكونـت فيريـير: رحالـة اوروبيـون في العـراق بـين القرنـين السـادس عـشر والثامـن عـشر، ترجمـة: خالـد عبداللطيـف حسـين، مراجعـة: د. أنيـس عبدالخالـق محمـود، المؤسسـة العربيـة للدراسـات والنـشر، بـيروت – لبنـان، ٢٠١٥.

سيسـتيني، دومينيكـو: العـراق في رحلـة الاب دومينيكـو سيسـتيني في سـنة ١٧٨١، ترجمـة: خالـد عبداللطيـف حسـين، مراجعـة وتحقيـق: د. انيـس عبدالخالـق محمـود، المؤسسـة العربيـة للدراسـات والنـشر، بـيروت – لبنـان، ٢٠١٤.

لانـزا، دومنيكـو: الموصـل في القـرن الثامـن عـشر حسـب مذكـرات دومنيكـو لانـزا، ترجمـة: القـس روفائيـل بيـداود، الطبعـة الثانيـة، الموصـل، ١٩٥٣.

لايـارد، اوسـتن هـنري: المغامـرات الاولى في بـلاد فـارس وبابـل، ترجمـة: محمـد حسـن عـلاوي، منـذر كاظـم حسـين، دار المأمـون، بغداد، ٢٠٢٠.

لوغـوز، لابـولي : رحلـة لابـولي لوغـوز مـن الهنـد الى الاناضـول عـبر العـراق في سـنة ١٦٣٩، ترجمـة: خالـد عبداللطيـف حسـين، مراجعـة: د. انيـس عبدالخالـق محمـود، المؤسسـة العربيـة للدراسـات والنـشر، بـيروت – لبنـان، ٢٠١٥.

ليرخ، ب: دراسات حول الاكراد واسلافهم الخالديين الشماليين، ترجمة: د. عبدي حاجي، حلب – الاشرفية، ١٩٩٤.

ماركوبولو: رحلات ماركوبولو، ترجمة: عبدالعزيز توفيق جاويد، دار الينابيع، مصر، ١٩٧٧.

نيبـور، كارسـتن: رحلـة نيبـور الى العـراق في القـرن الثامـن عـشر، ترجمـة: د. محمـود امـين حسـين، مراجعـة وتعليـق: سـالم الآلـوسي، بغـداد، ١٩٦٥.

هوبسـون، جـون ام.: الجـذور الشرقيـة للحضـارة الغربيـة، ترجمـة: منـال قابيـل، الهيئـة المصريـة العامـة للكتـاب، القاهـرة، ٢٠٠٧.

### فارسی:

١. القزويني، ابوبكر بن احمد بن نصر حمدالله، المستوفي: نزهت القلوب في المسالك والممالك، تهران، ١٣٣٦.

٢. درووبل، گاسپار: سفر در ايران، ترجمة: منوچهر اعتماد مقدم، ناشر شباويز، چاب سوم، بى جا، ١٣٦٧.

٣. دلاوالـه، پيـترو: سـفرنامەی پـترو دلاوالـه قسـمت مربـوط بـه ايـران، ترجـم وشرح وحواشـی: شـعاع الديـن شـفا، چـاب دوم، بـی جـا، شركـت انتشـارات علمـی و فرهنگـی، ١٣٧٠.

٤. رابينـو، هـ . ل: ولايـات دار المـرز ايـران گيـلان، ترجمـەی: جعفـر خمامـی زاده، چـاب سـوك، انتشـارات طاعتـی، رشـت، ١٣٦٦.

٥. ژوبر، پ. آ: مسافرت بارمنستان و ايران، ترجمه: محمود هيدايت، شركت چابخانه تابان، بى جا، ١٣٢٢- ١٩٤٣.

٦. شرلـی، بـرادران: سـفرنامەی بـرادران شرلـی، ترجمـەی آوانـس، بـه كوشـش علـی دهباشـی، چـاب اول، تهـران، نـگاه، ١٣٦٢.

٧. فـرای، ريچـارد نيلسـون: ميـراث باسـتانی ايرانـی، ترجمـەی: مسـعود رجـب نيـا، چـاب هشـتم» شركـت انتشـارات علمـی و فرهنگـی، تهـران، ١٣٨٦.

٨. كنان، در: كردو كردستان: ترجمەی جواد هاتفی، تهران، مؤسسەی مطبوعاتی عطائی، بی تا.

٩. لوگوف، ژاك: روشنفكران در قرون وسطی، ترجمەی: حسن افشار، چاب اول، نشر مركز، تهران، ١٣٧٦.

١٠. مورگان، دويد: ايران در قرون وسطی، ترجمەی: عباس مخبر، نشر طرح نور، تهران، ١٣٧٣.

### توركی:

سامي، شمس الدين: قاموس الاعلام، مهران مطبعه سی، مجلد ٣، استانبول، ١٣١٠ رومی.

### ئینگلیزی:

Melingen, Fredrik: Wild live among the Koords, London, ١٨٧٠.

Sim, Richard, Kurdistan: The search for recognition، conflict studies, No ١٢٤, Noveamber, ١٩٨٠.

Ximenez, S.: Kurds and Armeniene, London، ١٨٩٥.

### فەرەنسی:

Lambert, Sieur Cesar: Relation d'un Voyage de Perse faicts annees ١٥٩٨ – ١٥٩٩, ed. Paris, ١٦٥١.

### ئیتالی:

١. GARZONI, DAL. P. MAURIZIO: GRAMMATICA E VOCABOLARIO DELA LINGUA KURDA, ROMA, ١٧٨٧.

٢. CARERI, FRANCESCO. GEMELLI: girodel mondo del dottor. Glo. ١٧١٩.

٣. CAMPANILE, P. M. GIUSEPPE: STORIA DELLA REGIONE DEL KURDISTAN, NAPOLI, ١٨١٨.

# بڵاوکراوەکان:

## یەکەم: گۆڤار

### کوردیی:

ئەحمەد، ناجی عەباس: کۆچەریی و ترانس هیومانس لە پارێزگای سلێمانی و هەولێر، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم – بەشی یەکەم، ١٩٧٤، بەغدا.

ژوبێر: چوون بۆ ئەرمەنستان و ئێران، وەرگێڕانی: ڕۆژبەیانی، بەشی دووەم، گۆڤاری کۆڕی زانیاری – دەستەی کورد- ژمارە (٢٧-٢٨)، ١٩٨٨، بەغدا.

فێبر، میشێل: گەشتەکەی میشێل فێبر بۆ کوردستان لە ساڵانی (١٦٦٣ – ١٦٧٤)دا، وەرگێڕانی: هەڵکەوت حەکیم، گۆڤاری ژین، ژمارە (١) پوشپەڕی ٢٠٠٩، سلێمانی.

محەمەد، رابیعە فەتاح، شێخ: کوردو کوردستان لە گەشتنامەی جۆزافا بەڕبارۆدا (٨١٦- ٩٠٠ ك/ ١٤١٣- ١٤٩٤ ز)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردیی، ژمارە (٢٠)، ٢٠١٤، هەولێر.

### عەرەبی:

بادجر: رحلة بادجر، ترجمة: الاب لويس ساكو، مجلة بين النهرين، عدد ٨، سنة ١٩٧٤.

### ئینگلیزی:

Trotter, Major, Henry: Kurdistan concel, Races in Kurdistan, in fo, ٧٨/ ٣١٣٢, October, ١٨٨٠.